# له پارادایمی پەیوەندیگەری هابەرماسەوە بۆ پارادایمی دانپێدانانی ئەکسێل هۆنێت_توێژینەوەیەکی شیکارییە

ئارام ئەمین شوانی[1] - طاهر حسۆ زێباری[2]

[1+2] بەشـــی کۆمەڵناســـی، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق.

## پوختە:

هـابـەرمـاس، لـە ڕێگـەی پـارادایمی کردەی پەیوەندیگەرەوە، کە لەسـەر بناغەیەکی زمانەوانی و نێوان-خودی دامەزراوە، هەوڵدەدا ڕێگە چارەیەک بۆ سـتەم و پشـێوییەکانی ناو ژیانی کۆمەڵایەتی بدۆزێتـەوە، پێیوایە ئێتیکی گفتوگۆ و پەیوەندییە زمانییەکان، میکانیزمێکی گونجاون بۆ بەلاداخستنی ستەم و ناکۆکییەکانی ناو ژیانی کۆمەڵایەتی. **پرسـیاری سـەرەکی** لەم توێژینەوەیەدا بریتییە لـەوەی: ئـایـا دانپێـدانـان تیۆرێکی گونجـاوە بۆ چارەسـەری سـتەمی کۆمەڵایەتی و، دەتوانێ ڕوونتر چاومان بەسـەر سـتەمی کۆمەڵایەتیدا بکاتەوە؟ هۆنێت وەک نـەوەی سـێیـەمی قوتـابخـانـەی فرانکفۆرت، ڕەخنە لە پارادایمەکەی هابەرماس دەگرێ و پـارادایمێکی تـازە بـە نـاوی پـارادایمی دانپێدانان دادەمەزرێنێ، و پێیوایە ئەگەر مرۆڤ لە پرۆسەی بە کۆمەڵایەتیبون و لە سێ کایەی جیاواز و لە ڕێگەی سـێ فۆرمی جیاوازی (خۆشـەویستی، ماف و هاوخەمییەوە) ئەزمونی دانپێدانان بکا، ئەوە پەیوەندییەکانی بە خودی خۆی و بە جیهانیشـەوە پەیوەندییەکی تەندروسـت دەبێ، بەڵام ئەگەر لەو سـێ کـایـە گرنگـەی ژیـانـدا، ئـەزمونی فۆرمـە جیاوازەکانی (ڕق و ئەشـکەنجە، بێ مافی و قەدر نـەزانین) بکا، ئـەوە ڕوبـەڕوی سـتـەمێکی گـەورە دەبێتەوە و پەیوەندییەکانی بە خۆی و بە جیهانی دەرەوەش دەشـێوێ و سـەردەکێشـێ بۆ جۆرەها ستەمی کۆمەڵایەتی. بۆیە **ئامانجی** ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە: ناسـاندنی دانپێدانان وەک تیۆرێکی گونجاو بۆ چارەسـەری سـتەمی کۆمەڵایەتی و ژیانێکی کۆمەڵایەتی گونجاو و خسـتنەڕوی کایە و فۆرمـەکانی دانپیدانان. لـە کۆتـاییدا توێژینەوەکە گەیشـتە چەند کە ئەنجامێک کە گرنگترینیان بریتین لە: بێبەشـبونی تاکەکەس لە مافی **خۆ-بەدیهێنانی** تـاک (self-realization)، سـتـەمێکی قوڵی کۆمەڵایەتییە، کە دەشـێ دانپیدانان لە سـێ کایەی گرنگی (وەک خێزان و دەوڵـەت و کۆمـەڵگە) ڕۆڵی گـەورەی هـەبێ لـە ڕەخسـانـدنی زەمینـەیـەکی گونجـاوتر بۆ خۆ-بـەدیهێنـان. بۆیـە هـەم ئـەزمونی دانپێدانان و هەم ئەزمونی دانپێدانەنانیش کاریگەری خۆیان بەسـەر شـوناس و کەسـایەتی مرۆڤەوە جێدەهێڵن.

**کلیلە وشـەکان:** کردەی پەیوەندیخوازی، دانپێدانان، شوناس، ستەمی کۆمەڵایەتی.



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(1).Paper13

**Article Info:**
**DOI:** 10.26750/Vol(10).No(1).Paper13
**Received:** 06-May-2022
**Accepted:** 19-June-2022
**Published:** 29-March-2023
**Corresponding Author's E-mail:**
aramshwani776@gmail.com
tahir.zebari@su.edu.krd
This work is licensed under CC-BY-NC-ND 4.0
**Copyright**©2022 Journal of University of Raparin.

## پێشەكی:

بەدرێژایی مێژو، ستەم، بیرمەندانی بەخۆیەوە سەرقاڵکردوە. بۆیە مێژوی مرۆڤایەتی، مێژوی ستەم و بەرەنگاربونەوەی ستەمە. یەكێك لە تایبەتمەندییەكانی ستەم ئەوەیە كە هەمیشە شێوە و فۆرمەكانی گۆڕانیان بەسەردا دێ، جگە لەوەی لەگەڵ پێشكەوتنی مرۆڤایەتی و ژیانی كۆمەڵایەتییدا فۆرمی تازەی ستەم سەرهەڵدەدا. لە نێو كۆمەڵناسانی سەردەمدا، یورگن هابەرماس وەک نەوەی دوەمی قوتابخانەی فرانكفۆرت، یەكێكە لەوانەی بەگەڕانەوە بۆ چەند نەریتێكی فیكری جیاواز، تیۆرێكی دارشتوە بەناوی "تیۆری كردەی پەیوەندیگەر". هابەرماس، بەو تیۆریە نەریتی فەلسەفەی هۆشیاری وەلادەنێ و پارادایمێكی تازە لە تیۆری كۆمەڵایەتی لەسەر بناغەیەكی نێوان-خودی دادەمەزرێنێ و پێیوایە ژیانی كۆمەڵایەتی بەرهەمی پەیوەندی نێوان خودو خودە، نەک خود و بابەت وەک ئەوەی فەلسەفەی هۆشیاری بۆی چوە. بۆیە پێیوایە دەكرێ بە پشت بەستن بە زمان و لە ڕێگەی ئێتیكی گفتوگۆ و پاساوی ماقوڵەوە، مرۆڤ لە قۆزاخەی هۆشیاری تاكەكەسی دەربهێنین و مرۆڤەكان لە ڕێگەی زمانەوە پەیوەندییە كۆمەڵایەتییەكانی خۆیان دابمەزرێنن، نەک لەسەر ستەم و سەپاندن و ململانێكان لە نێوببرێن.

بەڵام هۆنێت، وەک خوێندكاری هابەرماس و نەوەی سێیەمی قوتابخانەی فرانكفۆرت، ڕەخنە لە تیۆریەكی هابەرماس دەگرێ و پێی وایە، لەبەر ئەوەی هابەرماس تیۆریەكەی خۆی لەسەر زمان هەڵچنیوە، وێنەیەكی دروستی ژیانی كۆمەڵایەتییمان پیشان نادا و هۆنێت پێی وایە، ستەم زادەی نێو زمان نییە، بەڵكو بەدرێژایی تەمەن و لە پرۆسەی كۆمەڵایەتیبوندا ڕەگ دادەكوتێ و پەرە دەستێنێ.

هەڵبەتە هۆنێت بە پشت بەگەڕانەوە بۆ هیگل، دانپێدانان دابەش دەكاتە سەر سێ قۆناغ و كایەی جیاواز و بە لە ڕێگەی دەرونناسیشەوە بناغەیەكی پتەوتر بەو دابەشكارییە دەبەخشێ و، پێیوایە كە ئەگەر مرۆڤ لەو سێ كایە و قۆناغەدا، ئەزمونی دانپێدانان نەكا، ئەوە پەیوەندییەكانی بە خودی خۆی و جیهانیشەوە دەشێوێ، قۆناغ و كایەكانی بریتین لە (خێزان و دەوڵەت و كۆمەڵگە)، لە یەكەمیاندا مرۆڤ لە ڕێگەی خۆشەویستییەوە وەک فۆرمێكی دانپێدانان متمانەی بەخۆی دەبێ و ئەگەریش بێ بەش بێ لە خۆشەویستی ئەوە وەک ئەزمونی دانپێدانەنان دەكەوێتە گێژاوی متمانە بەخۆنەبونەوە.

لە کایەی دووەمدا، لە ڕێگەی مافەوە وەک فۆرمێکی دانپێدانان، تاک خۆی وەک کەسێکی خاوەن ڕێز دەبینێ، لە دۆخی بێ مافیشدا، وەک فۆرمی دانپێدانەنان، وا دەکا خۆی وەکو کەسێکی بێڕێز ببینێ. لە کایەی کۆمەڵگە و ژیانی کۆمەڵایەتیشدا، لە ڕێگەی هاوبەندی و قەدرزانینی کۆمەڵایەتییەوە، مرۆڤ قەدری خۆی بۆ دەردەکەوێ و خۆی وەکو کەسێکی بەنرخ و بەقەدر دەبینێ، لە دۆخی هاوخەم نەبون و بێنرخییەوە، وەک فۆرمێکی دانپێدانەنان، خۆی وەک کەسێکی بێ قەدر دەبینێ و نرخی خۆی لا نامێنێ.

ئەم توێژینەوەیە لەم تەوەرانەی خوارەوە پێکدێت:

## تەوەری یەکەم: چوارچێوەی گشتی میتۆدی توێژینەوە:

### یەکەم: ڕەهەندەکانی توێژینەوەکە

### ١ . گرفتی توێژینەوە:

تیۆری دانپێدانان لەسەر دوانەی دانپێدانان و دانەپێدانەنان هەڵچنراوە. دانپێدانان وەک میکانیزمێک بۆ ڕێگریکردن و دورخستنەوەی ژیان و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لە ستەم و پێوستییەکی دەرونی و کۆمەڵایەتی هەر تاکەکەسێک. دانپێدانەنانیش وەک جۆرێک لە ستەم کە دەشێ تاک لە زۆر کایە و قۆناغی ژیاندا ڕووبەڕوی ببێتەوە.

**لەو سۆنگەیەوە، ئەم توێژینەوەیە بە دەوری سێ پرسیاری سەرەکیدا دەخولێتەوە:**

١. ئایا دانپێدانان تیۆرێکی گونجاوە بۆ چارەسەری ستەمی کۆمەڵایەتی و، دەتوانێ ژیانێکی کۆمەڵایەتی شایستە بڕەخسێنێ؟

٢. ئایا بەهۆی دانپێدانان یا دانپێدانەنانەوە، پەیوەندییەکانی تاکەکەس بە خۆی و بە جیهانەوە، چی بەسەر دێ؟

٣. ئایا دانپێدانەنان دەبێتە هۆی ستەمی کۆمەڵایەتی و تاکەکەسیی؟

٤. کایە و فۆرمەکانی دانپێدانان و کایە و فۆرمەکانی دانپێدانەنان چین؟

### ٢. گرنگی توێژینەوە:

**بۆیە گرنگی ئەم توێژینەوەیە بریتیە لە:**

١. تیۆری دانپێدانان، تیۆرێکی تازەیە و، لە نێو نەریتی تیۆری ڕەخنەییەدا، وەرچەرخانێکی گرنگی دروستکردوە بۆ ڕەخنەگرتن لە ستەم و نادادییەکانی ناو کۆمەڵگەی مۆدێرن.

٢. ئەم تیۆرەیە لە فۆرمی دانپێدانەنانەدا، چاومان بەسەر ئەو جۆرانەی ستەم و نادادیدا دەکاتەوە کە وەک ستەم خۆیان دەرناخەن.

٣. ئەو جۆرانەی دانپێدانەنان کە دەشێ تاک لە ژیانی خۆیدا ڕووبەڕویان ببێتەوە، لە هەمو کۆمەڵگەیەکدا بونیان هەیە هەر کۆمەڵگەیەک دەتوانێ بۆ تێگەیشتن لە کۆمەڵگەی خۆی پەنای بۆ ببا.

٤. تیۆری دانپێدانان دەکرێ لە چەندان بواری دیکەی ناو ژیانی کۆمەڵایەتیدا بخرێتەگەڕ.



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(1).Paper13

٥. لە زمانی کوردیدا، هیچ جۆرە نوسین و توێژینەوەیەکی زانستیی لە بارەوە نییە.

## ٣. ئامانجی توێژینەوەکە:

هیچ توێژینەوەیەک بەبێ ئامانج، ئەنجام نادرێ، ئامانج هێڵی کاری هەر توێژینەوەیەکە و لە سۆنگەی پرسیارەکانی توێژینەوەکەدا، ئامانجەکان بریتین لە:

١. ناساندنی دانپێدانان وەک تیۆرێکی گونجاو بۆ چارەسەری ستەمی کۆمەڵایەتی و ژیانێکی کۆمەڵایەتی گونجاو و خستنەڕوی کایە و فۆرمەکانی دانپێدانان.

٢. خستنەڕوی کاریگەری دانپێدانان یا دانپێدانەنان، لە پەیوەندییەکانی تاکەکەس بە خۆی و بە جیهانەوە.

٣. ناساندنی دانپێدانەنان وەک جۆرێک ستەمی کۆمەڵایەتی و تاکەکەسی، باسکردنی کایە و فۆرمەکانی دانپێدانەنان.

٤. ناساندنی کایە و فۆرمەکانی دانپێدانان و دانپێدانەنان.

## ٤. میتۆدی توێژینەوە:

میتۆدی توێژینەوە بریتییە لە میتۆدی شیکاری، بەو پێیەی کە تیۆری دانپێدانان تیۆرێکی فرەلایەنە و ڕیشەیەکی تیۆری و فیکری قوڵی هەیە، بۆیە میتۆدی شیکاری، گونجاوترین میتۆدە بۆ تێگەیشتن لە تیۆریەکە و پەیوەندی دانپێدانان بە ستەمی کۆمەڵایەتییەوە.

## تەوەری دووەم: دیاریکردنی چەمکەکان:

**١. کردەی پەیوەندیگەر:** "واتە کارلێکێکی مانادارانەی نێوان دو کەس" (Edgar, 2006; 21). "کردەیەکە لە ڕێگەیەوە بەشداربوان هەوڵدەدەن، لەسەر بناغەی لێک تێگەیشتنێک کە پێکەوە پێی گەشتون، کردە جیاوازەکانی خۆیان هەماهەنگ بکەن. یا کارلێکێکی زمانەوانییە و لە ڕێگەی بەکارهێنانی زمانەوە دەیانەوێ بگەن بە لێک تێگەیشتن" (Lafont, 2009; 499). "کردەی پەیوەندیگەر پەیوەستە بە کارلێکی لایەنیکەم نێوان دو کەسەوە، کە توانای قسەکردن و کرداریان هەبێ و، بتوانن پەیوەندییەکی نێوانکەسی دابمەزرێنن (جا بە هۆی وشەوە بێ یا کەرەستەی ناوشەیی). ئەوەش بە ئامانجی لێک تێگەیشتن سەبارەت بە دۆخی کردارەکانیان، ئینجا لەسەر بنەمای لێک تێگەیشتن، بگەنە دۆخی هەماهەنگی پلانی کارەکانیان و کارەکانیشیان" (هابرماس، ٢٠٢٠: ١٩٨). لەم توێژینەوەیەدا، مەبەست لە کردەی پەیوەندیگەر، کردەیەکی نێوان-خودییە و تاکەکان دەیانەوێ لە ڕێگەی زمانەوە، نەک لە ڕێگەی هێز و زۆرەوە، بگەنە لێک تێگەیشتن سەبارەت بە کردارەکانیان.

**٢. دانپێدانان:** لە پێناسە کۆمەڵایەتیەکەیدا بۆ دانپێدانان بریتییە لە: "بەخشینی چوارچێوەیەک بۆ شیکردنەوەی بارودۆخی کۆمەڵایەتی پەیوەندی تاکەکان بەخودی خۆیان و پەرەدان بە دامەزراوە و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان" (Petherbridge, 2011: 13)، هەروەها "دانپێدانان کردەیەکە هاوکارمان دەبێ لەوەی چ خاڵێکی هاوبەشمان لەگەڵ ئەوانی دیکەدا هەیە و چ شتێکیش جیامان دەکاتەوە، تا بتوانین وەک تاکەکانی


Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(1).Paper13

کۆمەڵگەیەک لە یەکتر تێبگەین" (Albert, 2010: 2). لەم توێژینەوەیەدا مەبەست لە دانپێدانان، بریتییە لەو کردەیەی کە لە پرۆسەی بە کۆمەڵایەتیبوندا کاردەکاتە سەر پەیوەندییەکانی مرۆڤ بە خودی خۆی و، لەو ڕێگەیەوە دەتوانێ ڕێزی خۆگرتن و قەدری خۆزانین و متمانەبەخۆبون بە دەستبهێنێ و ببێتە خاوەن شوناسێکی باشتر.

**٣. شوناس:** "لە تیۆری کۆمەڵایەتییدا، شوناس بریتیە لەو باوەڕ و بۆچونەی کە مرۆڤ سەبارەت بە خۆی و سەبارەت بەوانی دیکە هەیەتی، واتە خۆی کێیە و ئەوانی دیکە کێن" (Jenkins, 2006: 262). "شوناس وشەیەکە هەم پەیوەستە بە تاکەکەس و هەم بە گروپ، بۆیە دەتوانین بڵێین شوناس کۆمەڵێک فاکتەر و نیشانەیە کە کەسێک لە کەسانی دیکە جیا دەکاتەوە (واتە لە ڕوی سیاسی و مێژوی و کولتوری و کۆمەڵایەتی و کەسایەتی و ئایینی و ... تد) و پێی دەوترێ شوناس. شوناس دیاردەیەکە بە من دەست پێدەکا و بە ئێمە کۆتایی دێ" (سبحانی جو، ١٣٨٣: ٢). "شوناس بریتییە لە کۆمەڵێک خەسڵەت کە بەشێوەیەکی هەمیشەیی لە کەسێکدا هەیە، ئەوەش زادەی کارلێکی تاکەکەسە لەگەڵ دەوروبەرەکەیدا، شوناس فرەڕەهەندە و سەرجەم تایبەتمەندییەکانی کەسایەتی دەگرێتەوە" (سليم و أخرون ٢٠١٥: ٣١). لەم توێژینەوەیەدا مەبەست لە شوناس بریتییە لە خەسڵەت و تایبەتمەندییانەی کە کەسێک لە کەسانی دیکە یا گروپێک لە گروپەکانی دیکە جیادەکاتەوە و لەو سۆنگەیەوە مرۆڤ پەیوەندییەکانی لەگەڵ خۆی دادەمەزرێنێ.

**٤. ستەمی کۆمەڵایەتیی:** جۆنسن لە کتێبی "Blackwell dictionary of sociology"دا وا پێناسەی ستەمی کۆمەڵایەتی دەکات کە: "چەمکێکە ئاماژە بە پەیوەندی نێوان گروپەکان یا چەند توێژێکی ناو گروپەکان یا کۆمەڵە خەڵکێک دەکا کە لەو پەیوەندیەدا گروپی باڵادەست سود لەو ئازاردانە سیستەماتیکی و چەوساندنەوە و نادادپەروەریانە وەردەگرێ کە ڕوبەڕوی گروپی ژێردەستە دەکرێنەوە...." (Jonson, 2006: 106). ڕێنۆ پێیوایە ستەمی کۆمەڵایەتی بریتییە لەو قەیرانە کۆمەڵایەتییەی کە ئێمە ئەزمونی دەکەین و پەیوەستە بە تێکچونی ئەو پەیوەندییە پۆزەتیڤەی کە تاک لەگەڵ خۆیدا دروستی دەکا (وەک قەدری خۆنەزانین، شەرم و خەمۆکی). لەلایەکی دیکە هۆنێت پێیوایە ستەمی کۆمەڵایەتی بریتییە لە "بێ بەشبون لەو دانپێدانانەی کە تاک خۆی بە شایستەی دەزانێ" (Honneth, 2007; 71). لەم توێژینەوەیەدا مەبەست لە ستەمی کۆمەڵایەتی، واتە تێکچونی پەیوەندییەکانی مرۆڤ بە خۆی و جیهانەوە، هەروەها بێ بەشبون لە خۆشەویستی و ماف و هاوکاری. ستەمی کۆمەڵایەتی وەک دانپێدانەنان و بێڕێزی و بەشتبون و نادیاری کۆمەڵایەتی.

### تەوەری سێیەم: هابەرماس و پارادایمی پەیوەندیگەرانە:

ئەکسێل هۆنێت لە چاوپێکەوتنێکدا دەڵێ: "ئەوکاتەی هەمو کەس ئاڵتوسێری بون، من هابەرماسی بوم" (Honneth & Osborne and Finke, 1993; 34). زێدەڕەوی نییە گەر بڵێین کۆی کارەکانی هۆنێت هەوڵن



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(1).Paper13

بۆ پڕکردنەوەی کەلێنەکانی ناو تیۆری پەیوەندی هابەرماس، بەجۆرێک گەیشتوەتە ئاستی تێپەڕاندنی پارادایمەکەی هابەرماس و هەڵچنینی پارادایمێکی تازە لەسەر پارادایمەکەی ئەو.

بیر و ئەندێشەی یورگن هابەرماس (١٩٢٩_ ...) لە ژێر کاریگەری تیۆرییەکانی کانت (١٧٢٤_١٨٠٤) و فیختە (١٧٦٢_١٨١٤) و هیگڵ(١٧٧٠_١٨٣١) و شلێنگ (١٧٧٥_١٨٥٤) و مارکس (١٨١٨_١٨٨٣) و دیلتای (١٨٣٣_١٩١١) و (ڤیبەر) (١٨٦٤_١٩٢٠) و ئادۆرنۆ (١٩٠٣_١٩٦٩) و هۆرکهایمەر (١٨٩٥_١٩٧٣) و لۆکاش (١٨٨٥_١٩٧١) و سێرڵ (١٩٣٢_...) و فەلسەفەی مارکسیستی و فەلسەفەی شیکاری و زماننासی نەریتی ئینگلیزی-ئەمریکیدایە. بەناوبانگترین کتێبەکانی بریتین لە "تیۆری کردەی پەیوەندیگەر، ئاڵوگۆڕی بونیادی لە فەزای گشتیی، مەعریفە و بەرژەوەندییەکانی مرۆڤ، قەیرانی شەرعیەت، گوتاری فەلسەفیی مۆدێرنە و پاش مارکس) و چەندان کتێبی دیکەش.

## ١. ڕەخنە لە ڕەخنەی عەقڵانیەتی ئامرازی:

ڕۆڵی هابەرماس، لە پێشخستن و پەرەپێدانی تیۆری ڕەخنەیی و کۆمەڵناسییدا، نکۆڵی لێناکرێ. کاروانی فیکری هابەرماس، بە سێ قۆناغی جیاوازدا تێپەڕیوە، لە هەر قۆناغێکدا و لە ژێر کاریگەری نەریتێکی فیکریی جیاوازدا، ئاراستەیەکی تازەی بە تیۆرییەکانی بەخشیوە، بۆیە ئامادەیی هابەرماس لە ناو تیۆری ڕەخنەییدا، ئامادەییەکی فرەڕەهەندە، واتە بە تاوتوێکردنی چەندان بابەتی جیاواز، ئامادەیی خۆی چەسپاندوە. بەڵام یەکێک لە شا-تیۆر و شاکارەکانی هابەرماس، بریتییە لە تیۆری کردەی پەیوەندی، ئەم تیۆرەیە هەوڵێکە بۆ ڕزگارکردنی عەقڵانیەت و مۆدێرنیتە، هەوڵێکە بۆ دۆزینەوەی هێز و ئەگەرە ڕوناکەکانی ناو عەقڵانیەت، ڕەخنەیە لەو دیدە ڤیبەرییەی کە بەعەقڵانیبون و عەقڵانیەتی تەنها لە عەقڵی ئامرازیدا کورت دەکردەوە، وێرای ئەوەی هابەرماس لەم تیۆرەیەدا لە چەند ڕوویەکی جیاوازەوە، دەیەوێ عەقڵانیەتی ئامرازی و فەلسەفەی هۆشیاری و مارکسیزم و نەوەی یەکەمی قوتابخانەی فرانکفۆرت تێپەڕێنێ.

"کاتێک مارکۆزە (١٨٩٨_١٩٧٩) و پێشەنگانی نەوەی یەکەمی قوتابخانەی فرانکفۆرت ڕوانگە ئامرازییەکانی سروشتیان وەک دیدێکی چەپێنەرانە و بەشێک لە چەوساندنەوەی مرۆڤ زانیوە، هابەرماس لە ڕێگەی ئاماژەدان بە بایەخی بنەڕەتی عەقڵی ئامرازی لە گەشەسەندنی زانستە سروشتییەکاندا بەگژ ئەو گریمانەیەدا چۆتەوە، چونکە هابەرماس پێیوایە عەقڵی ئامرازی کاتێک دەبێتە کێشە کە بەشێوەیەکی نالەبار لە جیهانی کۆمەڵایەتییدا بخرێتەگەڕ" (Edgar, 2006; 74-73). بۆیە سەرەڕای ئەو دیدە جیاوازەی هابەرماس سەبارەت بە عەقڵانیەتی ئامرازی، بەڵام چونکە هابەرماس لە بابەتی بەعەقڵانیبوندا بە توندی لە ژێر کاریگەری دیدی (ڤیبەر)دایە، بۆیە پێیوایە زاڵبونی عەقڵانیەتی ئامرازی لەناو ژیانی کۆمەڵایەتییدا هەر ئەو دۆخە دەخولقێنێ کە (ڤیبەر) ناوی لێناوە "قەفەسی ئاسنین"(*)، چونکە ڤیبەر، پێیوایە بەعەقڵانیبون بوەتە هۆی پێشکەوتنی زانست و ئەوەش تەکنۆلۆژیای مۆدێرنی لێکەوتوتەوە، بەو هۆیەشەوە ئایین و جادو و ماناکان کاڵبونەتەوە، "ڤیبەر دەڵێ بە هۆی جیهانبینی میتافیزیکی و ئایینیەوە، ماناداری لە نێوچوە، هەروەها بە هۆی کاریگەری قەفەسی ئاسنینی بیرۆکراسییەوە،



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(1).Paper13

ئازادییش لە دەستچوە، بەڵام "هابەرماس پێیوایە قەفەسە ئاسنینەکەی ڤیبەر ئادگارێکی زەروری هەمو فۆرمەکانی کۆمەڵگەی مۆدێرن نییە، بەڵکو ئەوەی ڤیبەر دەیداتە پاڵ عەقڵانیەت، دەکرێ وەک جۆرێکی دیاریکراوی بەعەقڵانیبونی سەرمایەداری لێیبڕوانین کە دەبێتە هۆی باڵادەستی عەقڵانیەتی ئامانجدار یا ستراتیژی" (Postone, 1990: 171).

تیۆری ڕەخنەیی بە ڕەخنەکردنی عەقڵانیەتی ئامرازی و زاڵبونی ئەو عەقڵانیەتە گەیشتبوە بنبەست و دەرگایەکی داخراو و نەیتوانیبو هیچ جێگرەوەیەک پێشکەش بکا، بەو هۆیەشەوە ڕەشبینی باڵی بەسەر نەوەی یەکەمی قوتابخانەی فرانکفۆرتدا کێشا بو، "کەچی هابەرماس بە پێچەوانەی هۆرکهایمەر و ئادۆرنۆوە کە ڕوانگەیەکی ڕەشبینانەیان سەبارەت بە پرۆسەی بەعەقڵانیبون هەبو، ئەو گەشبین بو. بە بۆچونی ئەو پرۆژەی مۆدێرنیتە، بەهۆی ڕوکردنە عەقڵانیەتی ئامرازی و فەرامۆشکردنی عەقڵانیەتی پەیوەندیگەر، لە ڕێڕەوی ڕاستەقینەی خۆی لایداوە، چارەسەری ئەوەش تەنها پێشنیازکردنی عەقڵانیەتی پەیوەندییە" (عباسپور، ٢٠١١: ٣٧)، هابەرماس بەدرێژایی تەمەنی پیشەیی خۆی بە شوێن دامەزراندنی جۆرە عەقڵانیەتەکەوە بوە کە عەقڵانیەتی ئامرازیش بگرێتە خۆی، بۆیە "هابەرماس لە نێوجەرگەی ژیانی کۆمەڵایەتی و کردارەکیی، بە دامەزراندنی عەقڵانیەتی پەیوەندی زمانەوانیی، توانی تیۆری ڕەخنەیی لەو داخرانە ڕزگار بکا و تیۆرییەکە بهێنێتەوە نێو دۆخی ئێستا" (بومنیر، ٢٠١٠: ١١٨)، ئەوە خۆشی لە کتێبی تیۆری کردەی پەیوەندیگەردا دەڵێ: "تیۆری کردەی پەیوەندیگەر گەڕانەوەیە بۆ سەر ئەو پرۆژەیەی کە بەهۆی ڕەخنەگرتن لە عەقڵی ئامرازییەوە پەکی کەوتبو، بۆیە دەشێ ئەو گۆڕینی پارادایم(**) زەمینەیەک بێ بۆ دوبارە تێهەڵچونەوە بە ئەرکە هەڵپەسێردراوەکانی چوارچێوەی تیۆری ڕەخنەیی لە کۆمەڵگەدا" (هابرماس، ٢٠٢٠: ٦٠٥).

جێی ئاماژەیە تیۆری ڕەخنەیی بە قەتیسبونی لە ڕەخنەکردنی عەقڵانیەتی ئامرازیدا هەر لە ساڵانی سەرەتای قوتابخانەکە مابۆوە و بە جۆرێک لە جۆرەکان پەیوەندی بە دۆخی ئێستای وڵاتانی سەرمایەدارییەوە پچڕابو و هیچ جێگرەوەیەکیان بۆ ئەو عەقڵانیەتە نەبو، "هەروەها هابەرماس پێی وابو کە هۆرکهایمەر و ئادۆرنۆ وردە وردە دوچاری جۆرێک لە بێ ئومێدی بون" (نوذری، ٢٠١٥: ٢٥١)، بە مانایەکی دیکە تیۆری ڕەخنەیی خەریکبو ئەرکە ڕەخنەییەکەی خۆی لەدەستدەدا، بۆیە هابەرماس هەوڵیدا بە خستنەڕوی پارادایمێکی تازە، ئەو تەنگژەیە تێپەڕێنێ کە نەوەی یەکەمی تیۆری ڕەخنەیی تێی کەوتبون.

## ٢. عەقڵانیەتی پەیوەندیگەر:

هابەرماس، پێیوابو ئەوان ڕەهەندێکی زۆر گرنگی عەقڵانیەتیان فەرامۆشکردوە کە بریتیە لە عەقڵانیەت یا کردەی پەیوەندیگەر، بۆیە هابەرماس باس لە دو جۆر عەقڵانیەت دەکا کە بریتین لە عەقڵانیەتی ستراتیژی و عەقڵانیەتی پەیوەندیگەر. هابەرماس دەڵێ عەقڵانیەتی پەیوەندیگەر تەواوکەری عەقڵانیەتی ئامرازییە (کە هابەرماس پێی دەڵێ عەقڵانیەتی ستراتیژی)، ڤیبەر و نەوەی یەکەمی قوتابخانەی فرانکفۆرت نەیانتوانیوە پەی بەو ڕەهەندەی پەیوەندیگەرەی بەعەقڵانیبوندا ببەن.



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(1).Paper13

لەبەرئەوە، پێویستە لێرەدا، لە ڕوانگەی هابەرماسەوە، عەقڵانیەت (یا کردەی) پەیوەندیگەر و عەقڵانیەتی ستراتیژی لێکجیا بکەینەوە.

لە کردەی ستراتیژیدا، تاکەکان بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی خۆیان وەک کەرەستە و ئامرازێک لە یەکتر دەڕوانن، نەک ئەوەی خەریکی گفتوگۆ و ڕێکەوتن بن، هەروەها "کردەی ستراتیژی لەنێوان دو کەس یا زیاتردایە. ئەم کردەیە پێچەوانەی کردەی پەیوەندیگەرە، چونکە لە کردەی ستراتیژیدا لەبەر ئەوەی تاکەکان لە ڕوی ستراتیژیکیەوە دەجوڵێنەوە، هەوڵنادەن لەگەڵ کەسانی دیکەدا بگەنە تێگەیشتنێکی هاوبەش سەبارەت بە جیهان" (Edgar, 2006; 144)، لە کردەی ستراتیژیدا، مەبەستی سەرەکی گەیشتنە بە ئامانج و ویستەکان، بە مانایەکی دیکە "هابەرماس هەر کەسێک هەوڵبدا لە ڕێگەی سزا یا ڕازیکردن، هێز یا پارەوە ئەوی دیکە قایل بکا ئەوە پێی دەوترێ کردەی ستراتیژی و پاڵنەرێکی کردەیی لە پشتەوەیە.

هابەرماس پێیوایە کردەی ستراتیژی بریتییە لە گرتنەبەری ڕێگەیەکی زۆرەملێ و سەپاندن یا فریودانی بەرامبەر بۆ گەیشتن بە ئامانجێکی دیاریکراو، نەک لە ڕێگەی گفتوگۆ و ڕاگۆڕینەوە و لێک تێگەیشتنەوە. "کردەی ئامانجدار (ستراتیژی) هەوڵە بۆ بەدەستهێنانی ئامانجێک، لە کاتێکدا ئامانجی کردەی پەیوەندیگەردا گەیشتنە بە لێکتێگەیشتنێکی پەیوەندیگەرانە. کردەی ستراتیژی بە شوێن بەدەستهێنانی قازانجێکی تاکلایەنەوەیە، لە کاتێکدا کردەی پەیوەندی بە شوێن قازانجی گشتی مرۆڤەکانەوەیە کە بەها هاوبەشەکان لەسەر بناغەی ئەو کردانە گەڵاڵە دەبن" (عباسپور، ٢٠١١: ٣٩-٤٠). واتە کردەی ستراتیژی، کردەیەکی قازانخوازانەی تاکەکسییە، بێ لەبەرچاوگرتنی بەرژەوەندییەکانی ئەوانی دیکە، بە پێچەوانەی کردەی پەیوەندیی کۆڵەگەیەکی سەرەکی پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی و بەرژەوەندی گشتییە. بۆیە "لە ڕوانگەی هابەرماسەوە، کردەی پەیوەندیگەر، بەرچاوترین و گشتگیرترین دیاردەی مرۆییە. هەر ئەو کردەیەیە کە بونیادی ژیانی کۆمەڵایەتی و کولتوری هەمو زانستە مرۆییەکان پێکدەهێنێ" (مهدیزاده، ١٩٩٦: ٥٦).

لە بەرامبەر کردەی ستراتیژی یا عەقڵانیەتی ئامرازیدا، هابەرماس پێشنیاری عەقڵی پەیوەندیگەر دەکا و، پێی وایە عەقڵی پەیوەندیگەر زەرورەتێکی گرنگی ناو ژیانی کۆمەڵایەتییە و هەوڵە بۆ پڕکردنەوەی ئەو پشێوییەی کە عەقڵانیەتی ستراتیژی هێناوەتییە ئارا، نەک بۆ جێگرتنەوەی کردەی ستراتیژی، چونکە کردەی پەیوەندی تەواوکەری کردەی ستراتیژییە. "کردەی پەیوەندیگەر سەرەکیترین چەمکی بەرهەمەکانی هابەرماسە. دیارە ئەو چەمکەش هەر وا بە سادەیی ئاماژە نییە بە کردەیەک کە پێویستی بە پەیوەندیی بێ، یا چەند نمونەیەکی پەیوەندی کە کردە ڕایانپەڕێنێ. بەڵکو سیمای سەرەکی ئەو کردەیەی بریتیە لەوەی بەشداربوان هەوڵدەدەن پلانە کردەییە جیاوازەکانی خۆیان لەسەر بناغەی ئەو لێکتێگەیشتنە هەماهەنگ بکەن کە پێکەوە پێیدەگەن" (Lafont, 2009: 499)، "ڕاستیەکەی هابەرماس لە ڕێگەی ئەم تیۆریەوە هەوڵدەدا بیسەلمێنێ کە پێویستە ناکۆکییە کۆمەڵایەتیەکان، بە شێوەیەکی ئایدیالیانە، بێ ستەم و زۆرلێکردن و توندوتیژی چارەسەر بکرێن، لەو پێناوەشدا پێویستە سیستەمێکی کۆمەڵایەتی بهێنرێتە ئارا کە تیایدا بڕیارەکان و شێوازی بڕیاردان، بە شێوەیەکی بەڵگەسازیانە بێ" (مهدوی و مبارکی، ٢٠٠٦: ٢). نەک بەکارهێنانی هێز و زۆرەملێ و سەپاندنی ویستیی تاکلایەنە.



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(1).Paper13

لەلایەکی دیکەوە کردەی پەیوەندیگەر، ئەو ڕەهەندە خۆخوازییەی نێو کردەی ستراتیژی دەخاتە دەرەوە، چونکە "کردەی پەیوەندیگەر ئەو کەسانە دەگرێتەوە کە بەشێوەیەکی سەرەکی بەشوێن سەرکەوتنە تاکەکەسییەکانی خۆیانەوە نین و کردەکانیشیان هەماهەنگکارانەن، ئەوەش نەک لە ڕێگەی لێکدانەوەی خۆخوازییانەوە، بەڵکو لە ڕێگەی کردەی لێکتێگەیشتنەوە" (Blau, 2019: 9). لێرەوە دەردەکەوێ کە کردەی پەیوەندیگەر، دورخستنەوەی ژیانی کۆمەڵایەتییە لە هەژمونی بەشتبون، ئەوەی تاکەکان وەک کەرەستەیەک لە یەکتر بڕوانن، بەڵکو هێنانەناوەوەی میتۆدی نێوان-خودیی (intersubjectivity) و زمانە بۆ پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی ناو ژیان و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، ئاشکرایە تیۆری کردەی پەیوەندیگەر لەسەر زمان هەڵچنراوە و زمان هەڵسوڕێنەری کردەی پەیوەندیگەر و کارلێکە کۆمەڵایەتییەکانی ناو کۆمەڵگەیە.

## ٣. ڕۆڵی زمان لە کردەی پەیوەندیگەرانەدا:

هابەرماس بە گەڕانەوە بۆ بیرمەندانی زمانەوان و فەلسەفەی زمان وەرچەرخانێکی گەورەی لە تیۆری ڕەخنەییدا کرد، "هابەرماس ڕێگەی خۆی بەرەو چەقی چەمکسازی تیۆریەکەی لە ناو فەلسەفەی شیکاری ڤیتگنشتاین (١٨٨٩_١٩٥١) سەبارەت بە زمان دۆزییەوە، لەوێوە فێربو کە پەیوەندی زمانەوانی وەک کەرەستەیەک هەمیشە و بەردەوام خود بەوانی دیکەوە دەبەستێتەوە" (Honneth, 2009; 32)، بە مانایەکی دیکە هابەرماس لە ڕێگەی سەرقاڵبونی بە فەلسەفەی هێرمینیۆتیکی و شیکاری زمانەوانی ڤیتگنشتاینەوە، گەیشتە سەرەکیترین گریمانەی نێو تیۆریەکەی خۆی. لەوەوە فێربو کە خەڵکی هەمیشە لە ڕێگەی زمانەوە پەیوەندییان لەگەڵ یەکتر بەستوە. واتە شێوە ژیانی نێوان-خودی لە نێو بونیادی زماندا ڕەگی داکوتاوە. بۆیە لێکتێگەیشتنی زمانەوانی نێوان کەسەکان مەرجێکی سەرەکییە بۆ دوبارە بەرهەمهێنانەوەی ژیانی کۆمەڵایەتیی.

شایانی باسە کە هەم لە کردەی ستراتیژیدا زمان بەکاردێ هەم لە کردەی پەیوەندیگەرانەدا، واتە زمان لە هەردوکیاندا کەرەستەیەکن بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانیان، بەڵام "جیاوازی نێوانیان ئەوەیە کە هەر یەکێکیان بەشێوەیەکی جیاواز زمان بەکاردەهێنن....لە ڕوانگەی هابەرماسەوە بەکارهێنانی زمان لە کردەی ستراتیژیدا، هەوڵێکە بۆ گەیشتن بە هەماهەنگی لە ڕێگەی جۆرێک لە فشارەوە، کەچی لە کردەی پەیوەندیدا زمان بەکاردەهێنرێن بۆ گەیشتن بە هەمان مەبەست، بەڵام لە ڕێگەی لێک تێگەیشتنەوە" (Niemi, 2005: 517)، واتە لە هەردو کردەکەدا زمان بەکاردەهێنرێن، بەڵام بە شێوازی جیاواز.

هابەرماس پێیوایە کە زمان چەندان ئەرکی کۆمەڵایەتی هەیە و ڕۆڵێکی گەورە لە ناو ژیانی کۆمەڵایەتییدا دەگێڕێ "زمان کەرەستەی سەرەکی و گشتی پەیوەندییە و فۆرم بە ژیانی کۆمەڵایەتی دەبەخشێ" (أحمدی، ٢٠١٣: ١٨٠) "مرۆڤ بەوە جیا دەکرێتەوە کە پەیوەندییەکانی نێوان خۆیان لەسەر زمان هەڵچنیوە، بۆیە کارلێکی زمانی لە نێوان خودەکاندا پێشمەرجێکی گرنگ و پێویستە بۆ بەرهەمهێنانەوەی بونیادی کۆمەڵگە و شێوازی ژیانی ناو ئەو کۆمەڵگەیە" (Honneth, 2009; 32). هەروەها زمان ڕۆڵێکی بنەڕەتی لە ڕێکخستنی ژیانی کۆمەڵایەتی و گەشەسەندنی شوناسی تاکەکەسدا دەگێڕێ.


Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(1).Paper13

بە کورتی هابەرماس پێیوایە زمان نەبێ هیچ جۆرە پەیوەندییەک بونی نابێ و زمانی پێشمەرجی بونی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانە، پەیوەندی نێوان زمان و کۆمەڵ پەیوەندییەکی دولایەنەیە و بەرهەمهێنەری یەکترن.

## ٤. تێپەڕاندنی فەلسەفەی هۆشیاری:

هەڵبەت "ئەو وەرچەرخانە زمانەوانییەی هابەرماس تەنها وەرچەرخانێک نەبو بەرەو زمان، بەڵکو هەوڵێک بو بۆ دورکەوتنەوە لەو شتەی کە پێیدەوترێ پارادایمی فەلسەفەی خۆهۆشیاری. "پارادایمی خود-بابەت کە فەلسەفەی خۆهۆشیاری لەسەر دامەزراوە، لە سەدەی بیستەمدا لە دو بەرەوە هێرشی کرایە سەر، لەلایەک لەلایەن فەلسەفەی زمانی شیکاری و لەلایەکی دیکە لەلایەن تیۆری ڕەفتاری دەرونییەوە" (هابرماس، ٢٠٢٠-: ٢٣). ڕێبازی خۆهۆشیاری، ڕێبازێکە لەسەر "کۆجیتۆ"ی دیکارت دامەزراوە، "هابەرماس ڕەخنە لەو ڕوانگە و ڕێبازە دەگرێ چونکە خۆهۆشیاری لەسەر دوالیزمی خود و بابەت هەڵچنراوە، ئەوەش دەبێتە هۆی جۆرێک لە تاکگەرایی و" (مقورة، ٢٠١٣: ٦) هێشتنەوەی تاک لەناو سنوری تاکییەتی خۆی و دابڕینی لەوانی دیکە، واتە دیکارت پەیوەندییەکە لە نێوان خود و بابەت دادەمەزرێنێ، لە کاتێکدا هابەرماس پێی وایە ژیانی کۆمەڵایەتی و کۆمەڵگەی تەندروست پێویستی بە بەرقەرارکردنی پەیوەندییە لە نێوان خود _ خود، واتە بونی کردەیەکی پەیوەندی لە نێو ژیانی کۆمەڵایەتییدا، "لە ڕوانگەی هابەرماسەوە ئەم فەلسەفەیە هۆکارێکی بنەڕەتی شکستی فەلسەفە و کۆمەڵناسییە لەوەی بتوانن شیکردنەوەیەکی لەبار و گونجاو سەبارەت بە کێشە فەلسەفی و کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان بخاتەڕو" (Edgar, 2006; 26)، بۆیە هابەرماس پێیوایە "گفتوگۆ و زمان بە گشتی کلیلی سەرەکی زۆربەی کارلێکە کۆمەڵایەتییەکانن. لە زۆربەی تیۆرە ئەدەبی و فەلسەفییەکانی ئێستا، زمان وەک کەرەستەیەک دەبینرێ بۆ زاڵبون بەسەر پارادایمی هۆشیاریدا دیکاتیزمدا.

## ٥. ڕەخنەی هۆنێت لە تیۆری پارادایمی پەیوەندیخواز:

سەرەڕای ئەوەی هەوڵەکانی هابەرماس هەوڵی گرنگ بون بۆ ڕزگارکردنی تیۆری ڕەخنەیی و کردنەوەی ڕوانگەیەکی تازەبون بۆ تێگەیشتن و ڕاڤەکردنی ژیانی کۆمەڵایەتی، بەڵام لەلایەن چەندان بیرمەند و کۆمەڵناسیی سەردەمی خۆی و پاشتریشەوە، ڕوبەڕوی ڕەخنە بۆتەوە، لەوانە "جیل ئاپێل ئۆستن و ئەکسێل هۆنێت" و زۆر کەسی دیکەوە، بەڵام ئێمە لێرەدا تیشک دەخەینە سەر "هۆنێت" کە خۆی یەکێکە لە خوێندکار و هاوکارەکانی هابەرماس و بە ڕادەیەکی زۆریش لە ژێر کاریگەری بۆچونەکانی هابەرماسدابوە، چونکە تیۆری پەیوەندی هابەرماس لە پێشکەوتنی تاکەکەسدا، کاریگەریەکی گەورەی بەسەر هۆنێتەوە هەبوە، هۆنێت بۆ خۆیشی پێی وایە کۆی ئیشەکانی ئەو هەوڵێکن بۆ پڕکردنەوەی کەلێنەکانی ناو تیۆریەکەی هابەرماس و بگرە تێپەڕاندنیشی.

هۆنێت پێی وایە "پارادایمی پەیوەندیخواز ناتوانێ بە تەواوەتی، ئەزمونی ژیانی تاکەکان ڕاڤە بکا، چونکە پەیوەندی زمانەوانی تەنها لایەنێکی کارلێکی کۆمەڵایەتییە" (بومنير، ٢٠١٠: ١٢٢) هەروەها پێیوایە "هابەرماس ژیانی کۆمەڵایەتی و فۆرمە جیاوازەکانی پەیوەندی خستوەتە ناو ڕەهەندی زمانەوە، ئەو جەختکردنەوەیەش



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(1).Paper13

لەسەر زمان وایکردوە حەقیقەتی ئەو کارلێکە کۆمەڵایەتیانەمان لێونبێ کە لە ناو کۆمەڵگەدا دروست دەبن، بەو هۆیەشەوە ناتوانین لە ئەزمونە کۆمەڵایەتی و ئەخلاقیەکانی پەیوەست بە فۆرمەکانی سوکایەتی و ستەم و دانپێدانەنان تێ بگەین کە تاکەکان و گروپە جیاوازەکان ڕوبەڕوی دەبنەوە" (بختة،٢٠٢١ : ١٩٣). بە مانایەکی دیکە هۆنێت پێی وایە تیۆری ڕەخنەیی پێویستی بە بناغەیەکی مرۆڤناسییە، ئەوەتا هۆنێت لە چاوپێکەوتنێکیدا دەڵێ: ڕاستیەکەی دەبێ تیۆری ڕەخنەیی لەسەر بناغەیەکی مرۆڤناسانە دابمەزرێ، نەک زمانیی. "چونکە هۆنێت پێی وایە میتۆدی مرۆڤناسی دەتوانێ دید و بیرکردنەوەیەکی فراوانمان سەبارەت بەدۆخی مرۆڤ پێ ببەخشێ" (Petherbridge, 2011; 8).

هەروەها "هۆنێت پێیوایە پەیوەندییەکانی ناو کۆمەڵگە زۆر لە پەیوەندی زمانەوانی فراوانترن، کارلێک و پەیوەندی دەکەونە پێش بونی زمان، وەک پەیوەندی منداڵ بە دایکیەوە، یا پەیوەندییە نا-زمانییەکانی وەک ئاماژە و هێما جەستەییەکانی پەیوەست بە شوناسی کۆمەڵایەتی" (بغورە، ٢٠١٢: ١٦٩). بە مانایەکی دیکە، هۆنێت پێی وایە ڕاستە زمان کۆڵەگەی سەرەکی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانە، بەڵام لە ناو ژیانی کۆمەڵایەتییدا، زۆر پەیوەندی دیکە هەن دەکەونە دەرەوەی سنوری زمان و زمان ڕۆڵی لە دروستبونیاندا نییە.

ڕەخنەیەکی دیکەی هۆنێت لە هابەرماس بریتییە لەوەی کە هابەرماس لە تیۆریەکەی خۆیدا ململانێ و ناکۆکیەکانی ناو کۆمەڵگەی لەبەرچاو نەگرتوە و کۆمەڵگەی وەک کۆمەڵگەیەکی بێ ململانێ وێنا کردوە. لە کاتێکدا هۆنێت پێی وایە ئەوەی کۆمەڵگەی مۆدێرن بەڕێوەدەبا ململانێیە لە پێناو دانپێداناندا، "هۆنێت پێشکەوتنی مێژو وەک دەرکەوتنی ململانێی گروپە کۆمەڵایەتییەکان دەبینێ" (Anderson, 2011; 49) لەو ڕێگەیەوە "هۆنێت ئاسۆیەکی تازەی لە تیۆری ڕەخنەیی بە گشتی و پارادایمی پەیوەندی هابەرماسدا کردەوە، کە بە داخەوە هابەرماس لە تیۆریەکەی خۆیدا خەسڵەتی ململانێی ناو کۆمەڵگەی زەق نەکردۆتەوە" (علوش، ٢٠١٤: ٢٤٦). هۆنێت پێی وایە: "ڕاستە هابەرماس توانی پارادایمی کاری مارکس بگۆڕێ بە پارادایمی پەیوەندی، بەڵام نەیتوانی تیشک بخاتە سەر بایەخ و پێگەی سروشتی ململانێکان کە کۆمەڵگەی ئەمڕۆ تێی کەوتوە" (أحمد، ٢٠١٨: ٦١). لە کاتێکدا هۆنێت خۆی پێی وایە فەلسەفەی کۆمەڵایەتی مۆدێرن لەو ساتەدا لەدایکبوە کە تیایدا تێگەیشتن ژیانی کۆمەڵایەتی ململانێیە لە پێناو هەبوندا.

بەکورتی هۆنێت دەیەوێ بڵێ، ژیانی کۆمەڵایەتی لەو دۆخە نمونەییەدا نییە کە هابەرماس وێنای کردوە و پێی وایە لە ڕێگەی زمان و گفتوگۆوە تەواوی کێشەکان بەلادا بخرێن، بەڵکو هۆنێت پێی وایە لە ژێرەوەی ئەوەی هابەرماس باسیکردوە، ژیانی کۆمەڵایەتی پڕە لە برین و نادادی و ستەم و سوکایەتی، کە چارەسەریان لە ئاستی زماندا مەحاڵە، بۆیە تاکەکانی ناو کۆمەڵگەی ناچار کردوە بکەونە خەبات لە پێناو مانەوە و شوناسیی خۆیاندا.


Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(1).Paper13

## تەوەری چوارەم: ئەکسێل هۆنێت و تیۆری دانپێدانان:

هۆنێت پێی وایە کۆی ڕێبەران و بیرمەندانی قوتابخانەی فرانکفۆرت نەیانتوانیوە پەنجە بخەنە سەر خاڵە سەرەکییەکەی تیۆری ڕەخنەیی کە بریتییە لەلایەنی "کۆمەڵایەتی"، واتە ژیانی کۆمەڵایەتی بە هەمو ئەو ململانێیەی تێیدایە، "هۆرکهایمەر و ئادۆرنۆ و فوکۆ و هابەرماسیش، هەرهەمویان، لە کاروانی بەرهەمی خۆیاندا، ڕەهەندی کۆمەڵایەتیانەی تیۆری ڕەخنەییان پەراوێزخستوە.

لە ڕوانگەی هۆنیتەوە ململانێ و ڕکابەرییەکانی ناو ژیانی کۆمەڵایەتیی، ململانێن لە پێناو دانپێداناندا، "چونکە دانپێدانان بەخششێکی ڕاستەوخۆ و سەرەتایی نییە، بەڵکو بەرهەمی ململانێ و ناکۆکییە. "لە ڕوانگەی هۆنێتەوە، دانپێدانان خەباتێکی ئەبەدییە و پێویستە هەمو تاکەکەسێک شەڕی بۆ بکا" (Galuschek, 2014: 22). جێی ئاماژەیە، هۆنێت پێی وایە هەڵەیە ململانێکانی ناو کۆمەڵگە وەک ململانێ لە پێناو بەرژەوەندی ماددییەکان ببینین، بەڵکو زۆرینەی ململانێکان بناغەیەکی ئەخلاقیان هەیە و لە پێناو شوناس و دانپێدانان و بەرەنگاربونەوەی ستەم و سوکایەتین، "هۆنێت پێی وایە مۆدێلی دانپێدانانی هیگڵ مۆدێلێکە لەسەر پاڵنەرە ئەخلاقییەکان دامەزراوە، نەک بەرژەوەندی تاکەکەسی و خۆپارێزی و دەسەڵات" (Petherbridge, 2013; 82)، هەر لەبەر ئەوەیە کە هۆنێت لە ژێر کاریگەری هیگڵدا، مۆدێلی ململانێ لەسەر دەسەڵاتی میشێل فوکۆ (١٩٢٤_١٩٨٤) دەگۆڕێ بۆ ململانێ لە پێناو دانپێداناندان. واتە هۆنێت پێیوایە دانپێدانانی دولایەنە دەستەبەرێکە بۆ سنوردارکردنی ئەو ململانێ کۆمەڵایەتیانەی کە لەسەر دەسەڵات و هەژمون و ستەمی کۆمەڵایەتی دامەزراون.

هۆنێت بۆ دارشتنی ئەم تیۆریەی خۆی چەند کایەیەکی جیاوازی زانستە مرۆیی و کۆمەڵایەتییەکانی تێکەڵکێش کردوە، وەک فەلسەفە و دەرونشیکاری و دەرونزانی کۆمەڵایەتیی، بە تایبەتیش لە" ژێر کاریگەری تیۆری دانپێدانانی هیگڵ و وینیکۆت (١٨٩٦_١٩٧١) و مید (١٨٦٣_١٩٣١) دایە (zurn, 2015; 28)، "چونکە هۆنێت تیۆری ڕەخنەییەکەی فراوانتر دەکا و ڕەهەندی نێوان-خودی و نائابوری و دەرونی و کولتوریشی پێ دەبەخشێ.

## ١. ڕۆڵی هیگڵ لە تیۆری دانپێداناندا:

هیگڵ لە بەشی (کۆیلە و ئاغا)ی نێو کتێبی "فینۆمینۆلۆژیای هۆش، باسی دانپێدانانی دولایەنە دەکا و لە کتێبی "فەلسەفەی ماف" کایەکانی دانپێدانان بە وردی لێکجیا دەکاتەوە. "بنەمای دانپێدانانی دولایەنە، خاڵێکی سەرەکی نێو دیدگای هیگڵە سەبارەت بە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، لە ڕوانگەی هیگڵەوە، داننان بەوانی دیکەدا، شتێک نییە ببێتە مایەی لە قاڵبدانی ئێمە، بەڵکو بە گشتی دەمانکات بەو شتەی یا بەو کەسەی کە هەین.

هەروەها "هیگڵ یەکەمین بیرمەندە کە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی وەک پەیوەندی نێوان ئەو تاکانە پێناسەکردوە کە لە ڕێگەی پەیوەندییە نێوان-خودییەکانەوە لە هەوڵی بەدیهێنانی دانپێدانانی دولایەنەدان" (أحمد، ٢٠١٨: ٥٥)، واتە هیگڵ دەریخست کە فیکری ترانسێندێنتاڵیی(***) کانت چیدی بە کەڵکی ژیانی کۆمەڵایەتی نایەت، چونکە ژیانی کۆمەڵایەتی لەسەر بناغەی مامەڵەی نێوان کەسەکان دامەزراوە، نەک مرۆڤ و شتەکانی دەوروبەر. واتە مرۆڤ بونەوەرێکی کۆمەڵایەتییە و بە تەنها ناژی و بۆ ئەوەش پێویستی بەوانی دیکەیە. "هەر



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(1).Paper13

ئەوەش وای لە هیگڵ کرد لە کارەکانی سەرەتایدا، پەرە بەو بیرۆکەیە بدا کە خۆهۆشیاری مرۆڤ، پەیوەستە بە ئەزمونی دانپێدانانی کۆمەڵایەتییەوە" (Honneth, 2007; 131)، هیگڵ بە گرتەبەری میتودە فینۆمینۆلۆژیەکەی، سەلماندویەتی کە خود تەنها بەو مەرجە دەتوانێ بگاتە خۆئاگایی کە لەگەڵ ئەوانی دیکەدا لە پەیوەندییەکی دانپێدانانەدا بێت.

هیگڵناسان، فیکری هیگڵیان دابەشکردۆتە سەر دو قۆناغ، هیگڵی لاو و هیگڵی پیر، "ئاشکرایە هۆنێت گەڕاوەتەوە بۆ قۆناغی لاوی سەردەمی یەننا، چونکە هۆنێت پێی وایە هیگڵ پاش ئەو قۆناغە لە نێوان-خودییەوە بەرەو ئایدیالیزم ڕۆیشتوە، بۆیە هۆنێت زیاتر بایەخ بە هیگڵی پێش یەننا دەدا" (Berendzen, 2019; 14). "ئەو دەڵێ پێویستە تیۆری دانپێدانانی سەردەمی یەنناى هیگڵ لە تیۆری نێو کتێبی فێنۆمێنۆلۆژی هۆش و دواتر جیا بکەینەوە.... بەتایبەت کتێبی سیستەمی ژیانێکی ئەخلاقیانە، لەوێدا هیگڵ تیۆریەک سەبارەت بە ژیانێکی ڕەها یا ئەخلاقی لە ڕوانگەیەکی کۆمەڵایەتی-نێوان-خودییەوە دەخاتەڕو" (Petherbridge, 2013; 83).

هۆنیت لە ژێر کاریگەری هیگڵدا، تیۆری جەنگی هەموان دژی هەموانی هۆبز ڕەتدەکاتەوە و دەڵێ: "نابێ بڵێین پەیمانی کۆمەڵایەتی نێوان مرۆڤەکان دەبێتە هۆی سنوردانانێک بۆ ئەو دۆخە سەرەتاییەی کە پێویستە هەمو کەسێک بۆ مانەوەی خۆی دژی ئەوانی دیکە بجەنگێ، بەڵکو دەبێ وای دابنێین کە ململانێ کەرەستەیەکی ئەخلاقییە لە ڕێگەیەوە لە دۆخێکی سەرەتای ژیانی کۆمەڵایەتییەوە دەگوازینەوە بۆ دۆخێکی پێشکەوتوتری پەیوەندییە ئەخلاقییەکان" (Honneth, 1995; 17).

دیارە دانپێدانان، ڕۆڵێکی گەورەی لە پێگەیاندنی کۆمەڵایەتیانەی تاکەکەس و ژیانی کۆمەڵایەتیدا هەیە، بۆیە هۆنێت پرۆسەی دانپێدانان دابەش دەکاتە سەر سێ قۆناغ و سێ کایەی (خۆشەویستی و ماف و هاوبەندی) (بڕوانە خشتەی ژمارە -١-) کە مرۆڤ بۆ ئەوەی پەیوەندیەکی باشی لەگەڵ خۆی هەبێ و ببێتە خودێکی خاوەن ڕێز و خاوەنماف و متمانەبەخۆکردو، پێویستە لە کۆی ئەو کایە و بوارانەدا دانی پێدا بنرێ. "بۆ داڕشتنی چوارچێوەیەکی پێوەریانە بۆ دانپێدانان، هۆنێت دەگەڕێتەوە بۆ ئەو بونیادە سێ ڕەهەندییەی کە هیگڵ بۆ ژیانی کۆمەڵایەتی دایڕشتوە، هیگڵ کۆمەڵگە دابەش دەکاتە سەر کایەی خێزان و کۆمەڵگەی مەدەنی و دەوڵەت" (Giles, 2017; 15). "شایانی باسە دەکرێ ئەم جۆرە لێکجیاکردنەوەیە لە دەرونزانی کۆمەڵایەتیی مید و سایکۆدینامیکی وینیکۆتدا ببینرێن" (Zurn, 2015: 28). بەڵام بەر لەوەی بچینە سەر باسی سێ کایە جیاوازەکەی دانپێدانان، ئاماژەیەک بە ڕۆڵی دەرونناسی مید و وینیکۆت دەدەین.

## ٢. ڕۆڵی دەرونناسی لە تیۆری دانپێداناندا:

هۆنێت، بۆ پێدانی ڕەهەندێکی دەرونیی-کۆمەڵایەتی بە تیۆری دانپێدانان و کاڵکردنەوەی ڕەهەندە ئایدیالیزمیە هیگڵیەکەی تیۆری دانپێدانان، گەڕاوەتەوە بۆ تیۆری دەرونناسی و دەڵێ: "لە کاتی ئیشکردنمەوە لەسەر تیۆری دانپێدانان و تائێستاش پێموایە دەبێ پشت بە هێڵکاری دەرونشیکاریەکی نێوان-خودیی ببەستم تا وێنەیەکی تەواوەتیمان سەبارەت بە هەنگاوە سەرەتاییەکانی دانپێدانانی دولایەنەمان دەست بکەوێ" (Honneth, 2011: 



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(1).Paper13

393) "جا بۆ دارِشتنی ئەو جۆرە دانپێدانانە، هۆنێت هەر لەسەرەتاوە جەخت دەکاتە سەر پێکەوەسازاندنی دیدی مید و وینیکۆت سەبارەت بە تاکیەتی لە ڕێگەی بە کۆمەڵایەتیبونەوە" (Petherberidge, 2013; 148).

لێرەدا، پێویستە ئاماژە بە کاریگەری "جۆرج هێربێرت مید"ی دەروونناسی-کۆمەڵایەتی لە دارِشتنی تیۆرییەکەی هۆنێتدا بکەین، چونکە هۆنێت پێی وایە تیۆریەکەی هیگڵ تارِادەیەکی زۆر خەسڵەتێکی ئایدیالی بەسەردا زاڵە و پێویستی بە توێژینەوەی دەروونشیکاری هەیە تا لە ناو واقیعی ژیانی کۆمەڵایەتیدا جێگەی بکاتەوە. "بیرۆکەکەی هیگڵ یەخسیری گریمانێکی پێشوەختەی نەریتی میتافیزیکیە، واتە پەیوەندییە نێوان-خودییەکان وەک ڕوداوێکی ئەزمونی ناو جیهانی کۆمەڵایەتی نابینێ، بەڵام بە شێوەیەکی میکانیکی لە ناو هۆش و ئاوەزی تاکەکاندا دەیهێڵێتەوە، بۆیە پێویستە تێزە سەرەتاییەکەی هیگڵ لە ژێر تیشکی دەروونناسییەکی کۆمەڵایەتی ئەزمونییدا دابرِێژینەوە" (Honneth, 1995; 68)، "دەروونناسی کۆمەڵایەتی بەو شێوەیەی کە جۆرج هێربێرت مید بۆی چوە، پردی نێوان بیرۆکەی سەرەتایی هیگڵ و ڕوانگەی ئەمرۆی ئێمەیە. بە مانایەکی دیکە کارەکانی مید وەرگێرانی تیۆرییە نێوان-خودییەکەی هیگڵە بۆ زمانێکی پاش میتافیزیکی" (Honneth, 1995; 70). هۆنێت بۆ ئەوەی بیرۆکە ئایدیالییەکانی هیگڵ، بە کۆمەڵێک تیۆری دەروونشیکاری ئەزمونی پشت ڕاست بکاتەوە و لە ناو واقیعی کۆمەڵایەتیدا نمونەی بۆ بهێنێتەوە، بۆیە گەڕاوەتەوە بۆ مید.

واتە تاک بۆ ئەوەی بتوانێ لە شوناس و کارەکەی خۆی تێبگا پێویستە فێر ببێ خۆی بخاتە جێگەی ئەوی دیکە. مید لە وتارێکدا سەبارەت بە خود دەڵێ: "تەنها بە چونە شوێنی ئەوانی دیکەیە کە دەتوانین بگەڕێینەوە بۆ خۆمان" (Mead, 1925; 268)، واتە لە شوێنی ئەوانەوە لە خۆمان بروانین. هەروەها "لە ڕوانگەی میدەوە گومانی تێدا نییە کە تاکەکان تەنها کاتێک دەتوانن خۆیان بناسن کە خۆیان بکەنە جێگەی ڕوانگەی ئەوانی دیکە، لێرەوە فێر دەبن کە خۆیان و کارەکانیان وەک بەشداری نێوان کارلێکەکان ببینن" (Honneth, 2007; 186).

لە ڕوانگەی میدەوە شوناس لە ڕێگەی کارلێک لەگەڵ ئەوانی دیکەدا دروست دەبێ، مید دەڵێ: "هەمو خودێک، خودێکی کۆمەڵایەتییە" (Mead, 1925; 276)، و پێویستی بە دانپێدانانی ئەوانی دیکەش هەیە، مید دەڵێ: "لەبەر ئەوەی شوناسی ئێمە، شوناسێکی کۆمەڵایەتییە و لە ڕێگەی پەیوەندییەکانمان لەگەڵ ئەوانی دیکەدا دروست دەبێ. بۆیە پێویستە ئەوانی دیکە دان بەوەدا بنێن کە شوناسەکەی ئێمە هەمان ئەو بەهایەی هەیە کە ئێمە حەزدەکەین هەیبێ" (Honneth, 1995; 86).

دۆناڵد وینیکۆت، یەکێکی دیکەیە لەوانەی کە هۆنێت بۆ دارِشتنی تیۆریەکەی خۆی، بۆی گەڕاوەتەوە. تیۆریەکەی وینیکۆت پەیوەستە بە پەیوەندییە نێوان-خودییە سەرەتاییەکانی نێوان دایک-کۆرپە، "چونکە هەردوکیان، بۆ پڕکردنەوەی پێداویستیەکانی خۆیان پشت بە یەکتر دەبەستن و ناتوانن خۆیان لە یەکتر جیا بکەنەوە" (Honneth, 1995; 99)، ئەوەش سەردەکێشێ بۆ پرۆسەیەکی ئاڵۆزی هاوسەنگی نێوان تاکیەتیبون و سەربەخۆیی و خۆسەلماندن و دانان بە سەربەخۆیی یەکتر و دواجار خۆشەویستی یەکتر، چونکە دایکەکە وردە وردە دەگەڕێتەوە سەر ژیانی ئاسایی خۆی و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی، ئەوەش وای لێدەکا کە جاروبار مناڵەکە بەجێ بهێڵێ، ئەوە وا لە مناڵەکە دەکا کە تێ بگا دایکی بەشێک نییە لەو و بونێکی سەربەخۆی هەیە.



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(1).Paper13

"بەجێهێشتنی دایکیش مانای ئەوە نییە کە دایکێکی خراپە، بەڵکو مانای ئەوەیە کە سەربەخۆییە" ( Benjamin, 1990; 42). پاش ئەوە، مناڵەکە دەستدەداتە ڕەفتاری تێکدەرانە و ئازاردەرانە دەرهەق بە جەستەی دایکی، جا بەو هۆیەوە پێویستە دایکەکەش دان بە سەربەخۆی مناڵەکەدا بنێ، کە ئەو قۆناغەش هاتە پێشەوە "یەکەمین هەنگاوی سنوردانان و لێکجیابونەوە دەهاوێژرێ، دایکەکە و مناڵەکە دان بەوەدا دەنێن کە پشت بە خۆشەویستی یەکتر دەبەستن، بێ ئەوەی لە نێو یەکتردا بتوێنەوە" (Honneth, 1995; 102).

لە ڕوانگەی وینیکۆتەوە، بزربونی دایک دەبێتە هۆی متمانەبەخۆبونی مناڵ بەو مەرجەی مناڵەکە دڵنیا بێ لە خۆشەویستی دایکەکە. ئەوەش مانای ئەوەیە کە خۆشەویستی متمانە بەخۆبون بە مرۆڤەکان بە گشتی دەبەخشێ. "لە ڕوانگەی هۆنێتەوە، کارەکەی وینیکۆت ڕۆڵێکی گرنگی هەیە لە دارشتنی تیۆری بەکۆمەڵایەتیبون، چونکە پێ لەسەر گرنگی پەیوەندییە سەرەتاییەکانی سەرەتا دادەگرێ بۆ دەستەبەرکردنی هاوسەنگیەکی پێویست لە نێوان وابەستەبون و سەربەخۆیی، چونکە سەربەخۆیی زۆر گرنگە بۆ پەرەبەخۆدانێکی سەرکەوتوانە و بناغەیەکیشە بۆ هەمو فۆرمەکانی دواتری پەیوەندییەکانی دانپێدانان" (Petherbridge, 2013; 150).

بەکورتی وینیکۆت لە ڕێگەی باسکردنی پەیوەندییەکانی نێوان مناڵ و دایک و ڕۆڵی خۆشەویستی وەک فۆرمێکی دانپێدانان، دەریخست کە خۆشەویستی ڕۆڵێکی گەورەی هەیە لە متمانەبەخۆبونی مرۆڤ و قۆناغەکانی دواتری ژیان و فۆرمەکانی دیکەی دانپێدانان کە ئێمە لەم توێژینەوەیەدا بە تێروتەسەلی باسمان کردوە.

### ٣. سێ کایەکەی دانپێدانان:

هۆنێت لەسەر بیرۆکە بنەڕەتییەکەی هیگڵ و گەڕانەوە بۆ مید و وینکۆیت، کایەی دانپێدانان لە ژیانی تاکەکەس و گروپدا دابەش دەکاتە سەر سێ کایە و بواری جیاوازەوە. "لە سۆنگەی تیۆری دانپێدانانی هۆنێتەوە، شوناس لە ڕێگەی خەباتێکی نێوانکەسیانەی بەردەوامی بەدەستهێنانی دانپێدانانی ناو کارلێکەوە دروست دەبێ، هەروەها گەشەسەندنی شوناسێکی جێگری تاکەکەس پەیوەستە بە سێ فۆرمی دانپێدانانی نێوان-خودییەوە، کە بە شێوەیەکی بەشەکی لە ڕێگەی دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکانەوە بەدی دێن" ( Varga and Gallagher, 2011; 248)

ئەو پێیوایە لە نێو ئەو سێ کایەی دانپێداناندا، مرۆڤ سێ جۆر ڕێز و هەستی باش و خراپی جیاواز بەدەست دەهێنێ، "لە ڕوانگەی هۆنێتەوە، مرۆڤەکان پشت بە کاردانەوەی کۆمەڵایەتی ئەوانی دیکە دەبەستن، سروشتی ئەو کاردانەوانەش بە شێوەیەکی بنەڕەتی بونیادی خودیەتی تاکەکەس دیاری دەکەن. چەند جۆرێکی دیاریکراوی پەیوەندی هەن کە زەمینەی پەرەسەندنی متمانەبەخۆبون و ڕێزی خۆزانین و قەدری خۆزانین خۆشدەکا، کۆی ئەوانەش پێویستن بۆ تاکیەتیبون و خودێکی سەربەخۆ" (Meehan, 2011; 89). مرۆڤ هەستی متمانەبەخۆبون و ڕێزی خۆزانین و قەدری خۆزانین لە ڕێگەی خۆشەویستی و ماف و هاودەنگییەوە بەدەست دەهێنێ، واتە تاک لە ڕێگەی بەدەستهێنانی دانپێدانان لە ناو هەر یەکێک لەو سێ کایەیە، پەیوەندیەکی باش بەخودی خۆیەوە دەبێ و ژیانێکی کۆمەڵایەتی باشتر بەدی دێ. "دانپێدانان زۆر گرنگە بۆ شوناسە خودییەکان



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(1).Paper13

یا لە خۆتێگەیشتن، بە گشتی پەیوەندی مرۆڤ بە خودی خۆیەوە. بۆیە دانپێدانان کاردەکاتە سەر بەرەو باشترچونی ژیانی دەرونیی. لەلایەکی دیکەوە دانپێدانان بۆ پەیوەندییە نێوان-خودییەکان گرنگە، واتە پێکەوەسازان و هەڵکردن، یا یەکگرتوی جڤاک و کۆمەڵگەکان و ژیان بە گشتیش. بە مانایەکی دیکە، دانپێدانان بە وردی دەبێتە هۆی ئەوەی ژیانی کۆمەڵایەتیمان بەرەو باشتر بچێ" (Ikaheimo, 2010: 344).

**ئێمە لێرە بەدواوە یەک بەیەک دێینە سەر هەر یەکێک لەو سێ کایە و بوارە:**

۱. **خۆشەویستی (خێزان):** "لێرەدا پەیوەندییە خۆشەویستییەکان ئاماژەیە بە پەیوەندییە سەرەتاییەکان، وەک پەیوەندی نێوان هاوڕێیان و پەیوەندی دایک و کۆرپە و پەیوەندی نێوان خۆشەویستان کە لەسەر پەیوەندییەکی بەهێزی سۆزداری نێوان گروپێکی بچوکی خەڵکی دامەزراوە" (Honneth, 1995; 95). "لە ڕوانگەی هۆنێتەوە، ئەو دانپێدانانەی کە ئێمە لە ڕێگەی خۆشەویستی و خێزانەوە بەدەستیان دەهێنین، دەبێتە هۆی ئەوەی ئێمە متمانەمان بە خۆمان زیاتر ببێ، ئەمە وا دەکا ئێمە بێ ترس لەوانی دیکە باس لە پێداویستییە تاکە کەسییەکانی خۆمان بکەین" (بیگی، ۲۰۱۹: ۱۱٤).

"ئەم جۆرەی دانپێدانان زۆر پێویستە تا تاکەکەس بتوانێ دواتر، بایی ئەوە لە ڕوی دەرونی و جەستەییەوە متمانەی بەخۆی هەبێ تا بتوانێ بچێتە نێو ژیانی کۆمەڵایەتییەوە" (Deranty, 2009; 287). بە کورتیی، ئەم جۆرەی دانپێدانان، کە لە خۆشەویستندا خۆی دەنوێنێ، بازنەکەی تەسکترە و کەسانێکی کەمتر دەگرێتەوە، واتە لایەنەکانی پەیوەندی دانپێدانان یەکتر دەناسن و ئەوەش کاریگەری بەسەر متمانەبونی تاک بەخودی خۆی هەیە. بۆیە خۆشەویستی لێرەدا دەبێت بە جۆرێک لە دانپێدانان و ئەوەش وا دەکا کەسانی خۆشەویستراو، متمانەیان بەخۆیان زیاتر ببێ. "سەرەڕای ئەوەش لەبەر ئەوەی ئەم پەیوەندییەی دانپێدانان دەبێتە زەمینەخۆشکەری جۆرێک لە پەیوەندی بە خودەوە، کە تیایدا خودەکان بەشێوەیەکی دولایەنە متمانە بە خۆیان پەیدادەکەن، ئا ئەمەش لە بنەڕەتەوە پێشزەمینەی هەمو جۆرەکانی دیکەی دانپێدانانی دولایەنەن" (Honneth, 1995; 107).

هۆنێت ڕەهەندی ڕۆمانتیکی لەم جۆرەی دانپێدانان وەردەگرێتەوە و بە پاڵپشتی توێژینەوە ئەزمونییەکان و تیۆری پەیوەندی-بابەت، فۆرمێکی دیکەی پێدەبەخشێ. هەڵبەت وەک پێشتر ئاماژەمان پێدا، لێرەدا هۆنێت دەگەڕێتەوە بۆ توێژینەوەکانی دۆناڵد وینیکوت، ئەویش لە ڕێگەی باسکردنی ئەوەی پەیوەندی نێوان کۆرپە و دایک، پەیوەندی وابەستبونێکی دولایەنە و هەوڵە بۆ بەدەستهێنانی سەربەخۆیی، بناغەیەکی ڕونتر بەو جۆرەی دانپێدانان دەبەخشێ. واتە لەم جۆرەی دانپێداناندا، خودەکان لە هەوڵی بەدەستهێنانی سەربەخۆییدان، واتە نایانەوێ ئەوی بەرامبەر وەکو بەشێک لە خۆیان یا بەشێک لە شتەکانی دەوروبەریان ببینن، "خۆشەویستی داننانە بە ئەویتربونی ئەویتردا" (Wildt, 2010; 203)، واتە پەیوەندییەکە لە خاوەندارییەتی و توانەوەوە تێدەپەڕێ بۆ دانپێدانانی دو لایەنە و پێدانی خۆشەویستی بە یەکتر، بونی خۆشەویستی دەبێتە بناغەی متمانەبەخۆبونی تاکەکەس "بەلای هەردو هیگڵ و وینیکۆتیشەوە پشتیوانی (خۆشەویستی) خاڵێکی سەرەکییە و تیایدا دانپێدانانی نێوان-خودیی لە فۆرمی خۆشەویستیدا مەرجێکی سەرەکی و بێئەملاوئەولای پێشکەوتنی


Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(1).Paper13

متمانەبەخۆبونێکی تەندروستە" (Zurn, 2015: 31). بە مانایەکی دیکە ناواخنکردنی هەڵسەنگاندنی ئەرێنیانەی ئەویتر، وا دەکا مرۆڤ پێداویستیی سەلامەتیی جەستەیی و دەرونیی خۆی بە شایستەی دابینکردن و پڕکردنەوە بزانێ و، پەیوەندییەکی توندوتۆڵ و ڕێکوپێکی بەخۆیەوە هەبێ.

بە مانایەکی دیکە "ئەزمونی ئەشکەنجە و دەستدرێژی بۆ هەمیشە دەبنە مایەی داڕوخانێکی درامیانەی متمانەی تاکەکەس بە خودی خۆی و جیهانی دەرەوەش" (Honneth, 1995; 133)، هەروەها "توندوتیژی جەستەیی جۆرێکە لە سوکایەتی کە بەشێوەیەکی بەردەوام کاردەکاتە سەر ئەو متمانەیەی کە خود لە ڕێگەی ئەزمونی خۆشەویستیەوە بەدەستی هێناوە" (هونیث، ٢٠١٠: ١٥٦)، واتە "کۆنترۆڵکردنی جەستەی کەسێک جۆرێکە لە ئەزمونی نێوان-خودیی کە دەشێ ببێتە هۆی تێکشکاندنی ئەو متمانەبەخۆبونە بنەڕەتی و سەرەکییەی کە لە تەمەنی سەرەتای منالّیدا بەدەستهاتوە" (Zurn, 2015: 33).

"شایانی باسە سوکایەتیکردن کۆمەڵێک زیانی دەرونی بە تاکەکەس دەگەیەنێ و بەو هۆیەشەوە ڕوبەڕوی کۆمەڵێک هەستی نەرێنی دەبێتەوە وەک شەرم و توڕەبون، وێرای ئەوەی دەکرێ دانپێدا نەنان وەک ئازار یا ستەمی کۆمەڵایەتی لێک بدەینەوە" (فیرارز، ٢٠٢١: ٢٩). "هەر جۆرە هێرشکردنێک بۆ سەر هاوسەنگی جەستەیی یا هەستەکی، وەک دەستدرێژی و ئەشکەنجە و فەرامۆشکردن یا دانپێدانەنان دەبێتە هۆی تێکشکانی متمانەی مرۆڤ بە سنورەکانی نێوان خۆی و ئەوانی دیکە" (Petherbridge, 2013: 148).

بە کورتی لە ڕوانگەی ئەم بۆچونەی هۆنیتەوە، مرۆڤ لە ڕێگەی فەرامۆشکردن و ئەشکەنجەوە متمانەی بە خۆی و بەدنیا دەرەوەی خۆیشی نامێنێ، و ئەوەش مرۆڤ دەکاتە بونەوەرێکی شەرمن و ترسنۆک و داخراو و خودنەفرینی، مرۆڤێکی بێ ڕۆڵ لە ناو ژیانی کۆمەڵایەتی و ستەملێکراو، هەڵبەت ئەمە وێنەیەکە، مرۆڤەکە بە هۆی ئەو مامەڵەیەی لەگەڵیدا کراوە، لە بارەی خۆیەوە دروستی دەکا و پێی وایە ئەو مرۆڤێکی بێ بایەخە و بون و نەبونی وەکو یەکتر وایە.

**٢. ماف (یاسا)**: مرۆڤ بونەوەرێکی خاوەن مافە، بێ مافی مرۆڤ لە مرۆڤبونی خۆی دەخا و دەیکاتە بونەوەرێکی بێڕێز و دەبێتە شتێک لە پاڵ شتەکانی دیکەی ناو ژینگەی دەوروبەر. لە ڕوانگەی تیۆریەکەی هۆنیتەوە، "دوەمین فۆرمی سەرەکی دانپێدانانی نێوان-خودیی بریتیە لە پەیوەندییە یاساییەکان، بانگەشەی سەرەکی هۆنێت لێرەدا بریتیە لەوەی کە تاکەکان تەنها لە ڕێگەی ئەو مافە تاکەکەسییانەوە ڕێزی خۆزانینیان بەدەست دەهێنن کە بۆ ئەندامان دەستەبەر کراون" (Zurn, 2015; 34). هۆنێت دەڵێ: "لە ڕوانگەی دەرونناسی هێربێرت میدەوە، چەمکی "دانپێدانانی یاسایی" ئاماژەیە بەو پەیوەندیەی کە تیایدا من و ئەویدیکە وەک دو کەسی خاوەنماف ڕێز لە یەکتر دەگرین" (Honneth, 1995; 108 – 109). بە مانایەکی دیکە "دانپێداناى یاسایی واتە ئێمە خاوەنی چەند مافێکین و بە شوێن بەدیهێنانیانەوەین، ئەوەش لە بارودۆخێکدا کە ئاگادارین بەوەی ئێمە لە ڕوی پێوەرییەوە، پابەندین سەبارەت بە تاکەکانی دیکە... واتە هەمو کەسێک ناچارە ئەوانی دیکە وەک کەسانی ئازاد و یەکسان بناسێنێ" (Wojciechowski, 2014; 398)، چونکە "ڕێزگرتن فۆرمێکی بە ئەخلاقیکراوی دانپێدانانە


Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(1).Paper13

و، لەسەر ئەو بیرۆکەیە هەڵچنراوە کە تاکەکان مافی ڕێزگرتنیان هەیە و هاوکات ئەرکیشیانە ڕێز لەوانی دیکە بگرن" (McBride, 2013; 45).

"کاتێک خەڵکی شایستەی مافگەلێکی بێ سنورن، لەبەر ئەوەیە کە دەتوانن هەر کاتێک بیانەوێ لە ڕوی ئەخلاقیەوە ژیانی خۆیان بەرەو باشتر بگۆڕن، بۆیە بێ بەشکردنیان لەو توانستە جۆرێکە لە جۆرەکانی ستەم و سوکایەتی پێکردن" (هونیث، ٢٠١٩: ٢٨٧)، واتە مرۆڤی بێ ماف و دان پێدا نەنراو کەسێکە ناتوانێ دەستکاری ئازادانەی ژیانی خۆی بکا، واتە کەسێکی نائازاد و کۆیلە و بێ ڕێزکراوە، "هەر یەکێک لەم ئێمە وەکو تاکێکی خاوەنماف، کەسانێکن کە توانای داوەریکردنی ئەخلاقیانەمان هەیە، ئەوەش وامان لێدەکا وەک کەسانی خاوەنماف بە شێوەیەکی سەربەخۆییانە ڕەفتار بکەین" (Galuschek, 2014: 31).

لە ڕوانگەی تیۆریەکەی هۆنیتەوە، داننان بە مافی هەر کەسێکدا، وا لەو کەسە ڕێزی خۆی لا دروست ببێ، یان وەک کەسێکی خاوەنڕێز خۆی ببینێ. بە مانایەکی دیکە بۆ ئەوەی ڕێز لە خۆمان بگرین، ئەوە پێویستە دان بە مافەکانماندا بنرێ. "داننان بە مافدا دەبێتە هۆی ڕێز لە خۆگرتن، ڕێزلە خۆگرتن واتە ئەوەی کەسێک وا خۆی ببینێ کە بکەرێکە لە ڕوی ئەخلاقییەوە بەرپرسە، بە مانایەکی وردتر کەسێکە دەتوانێ لە بڕیارە گشتیەکاندا بەشداری بکا" (Chetrit, 2016: 40). ئەمە مانای ئەوەیە کە ئەگەر لە خۆشەویستی وەک فۆرمێکی دانپێدانان، متمانە بەخۆبونمان تێدا دروست ببێ، ئەوە لە ڕێگەی داننان بە مافەکانماندا، دەتوانن ڕێز لە خۆمان بگرین و هەستی ڕێزداریمان تێدا دروست ببێ و هەست بکەین کەسێکین لە ڕوی ئەخلاقیەوە بەرپرسیارین لە بەرامبەر ئەرکە کۆمەڵایەتی و یاساییەکانی خۆماندا. "بەم شێوەیە مافەکان وا دەکا تاکەکان بتوانن پەر بە هەستی ڕێزلەخۆگرتن بدەن، واتە لەگەڵ چالاکی سەرپشکانەی پەنابردنی یاسایی بۆ مافەکان، تاک کەرەستەیەکی ڕەمزی دەکەوێتە دەست و لە ڕێگەییەوە دەریدەخا کە چالاکییە کۆمەڵایەتییەکانی ئەو دەیسەلمێنن، ئەوەی کە ئەو کەسێکە لە ڕوی ئەخلاقیەوە بەرپرسە، بە گشتی دانپێدانراوە" (Honneth, 1995; 120).

وەک چۆن داننان بە مافەکاندا دەبێتە هۆی پەرەسەندنی هەستی ڕێزلەخۆگرتن، بە هەمان شێوە بێ بەشبون لە مافەکان و داننەنان بە مافی تاکەکان، وا دەکا تاکەکان هەست بە بێ ڕێزی بکەن، هۆنیت دەڵێ: "هەڵبەت ناتوانین بە ڕاستەوخۆی پەی بە ڕێزلەخۆگرتن ببەین، مەگەر بە شێوەیەکی نێگەتیڤ نەبێ، واتە کاتێک تاکەکان بە ڕونی هەست بە بێ مافی یان بێ ڕێزی دەکەن، چونکە تەنها بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ دەتوانین وێنەیەکی واقیعمان سەبارەت بە ڕێزلەخۆگرتن هەبێ" (Honneth, 1995; 120)، بە مانای ئەوەی بۆ ئەوەی لە ڕێز لە خۆگرتن تێ بگەین، ئەوە دەبێ لە بێ ڕێزی و بێ مافی تێ بگەین. هەڵبەت هۆنێت شێوازی دانپێدانەنان لەم ئاستەدا لە نکۆڵیکردن لە ماف و وەدەرنان (Denial Rights and Exclusion) دەنوێنێ.

واتە "ئەوانەی مافەکانیان لێ دەسەنرێتەوە، یا نکۆڵی لە مافەکانیان دەکرێ، جا چ لە ڕێگەی یاساوە بێ یا لە هەر ڕێگەیەکی دیکەوە، هەستی ئەوەیان لا دروست ببێ کە کەسانی یەکسان بە کەسانی دیکە نین و بە هەمان ڕادە ڕێزیان ناگیرێ و هەمان ئەو نرخەیان نییە کە ئەوانی دیکە هەیانە" (قانع، ٢٠١٦: ٢٣٤). هەروەها "نکۆڵیکردن لە مافەکان یا وەدەرنانی یاسایی دەبێتە ڕێگر لەبەردەم ئەوەی کەسێک بتوانێ خۆی وەکو کەسێکی یەکسان


Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(1).Paper13

لەبەردەم یاسادا ببینێ، یا مرۆڤێک کە شایستەی ئەوەیە ببێتە کەسێکی ئازاد و یەکسان" (Zurn, 2015; 38). کۆیلایەتی بەرهەمی ئەم جۆرەی داننەنانە بە مافەکانی تاکدا "ئەو میکانیزمە کۆمەڵایەتییەی کە بەردەوامیەتی بە کۆیلایەتی دەدا، بریتییە لە کارکردن لەسەر تێکشکاندنی ئیرادەی کۆیلە لەوەی شایستەی ئەوەیە کە سەربەخۆ بێ و ژیانی خۆی ڕێکبخا" (Kauppinen, 2011; 271).

لێرەوە بۆمان دەردەکەوێ کە لێکەوتە خراپەکانی بێ مافی و داننەنان بە مافەکانی تاکەکەس، تەنها لە ئاستی یاسایی و ژیانی کۆمەڵایەتیدا ناوەستێ، بەڵکو پەل دەکێشێ بۆ ئەو وێنەیەی کە مرۆڤ لەسەر خۆی دروستی دەکا و وا دەکا مرۆڤ خۆی وەک کەسێکی ڕێز لێ نەگیراو ببینێ و پەیوەندییەکانی مرۆڤ بە خۆیەوە بشێوێ و چیتر وەک کەسێکی بەرپرسیار و خەمخۆر خۆی نەبینێ، "چونکە بێڕێزی تەنها ئازارێک نییە، بەڵکو برینێکی ئەخلاقیشە" (Zurn, 2015: 39).

**٣. هاوبەندی و نرخاندنی کۆمەڵایەتی** (Solidarity): کایەی خۆشەویستی نێو خێزان و دۆست و هاوڕێیان بو، کایەی مافیش نێو دەوڵەت و پەیوەندییە یاساییەکانی خەڵکی بو بە یەکترەوە، بەڵام ئەم فۆرمەی دانپێدانان پەیوەستە بە ژیانی کۆمەڵایەتی و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی نێوان تاکەکان، "لە پۆلینەکەی هۆنێتدا نرخاندن و سۆلیداریتی دەکەونە نێو ژیانی مەدەنییەوە، ئەوەش وەک کەلێن-پرکەرەوەیەکی نێوان دانپێدانانی یاسایی و دانپێدانانی سۆزداری" (Gelis, 2017; 27).

سێیەمین فۆرمی سەرەکی دانپێدانانی نێوان-خودیی، هاوبەندی و ڕێزلێنانی کۆمەڵایەتییە کە کاردەکاتە سەر پەیوەندی تاک بە خودی خۆیەوە، ئەگەر تاک لە ڕێگەی هاوبەندی و ڕێزلێنانەوە ئەزمونی دانپێدانانی کرد ئەوە وا دەکا قەدر و بەهای خۆی بزانێ (self-esteem)، واتە ئەم فۆرمەی دانپێدانان، وەک دو فۆرمەکەی سەرەتا، لە چەند ڕویەکەوە پەیوەندییەکانی مرۆڤ بە خۆی و دەوروبەرییەوە دەنەخشێنێ. بە مانای ئەوەی، هاوبەندی و بەدەمەوەچون وەک جۆرێک لە دانپێدانان، پێگەو بەها و قەدری تاکەکەس و ئەو وێنەیەی مرۆڤ لەسەر خۆی دەردەخا، ئەوەش پەیوەستە بە ڕوانگەی ئەوانی دیکەوە، ئەم فۆرمەی دانپێدانان خۆی لە قەدرزانینی یەکتردا دەنوێنێ و ئەوەش لە پەیوەندی سۆڵیداریتی و بەدەمەوەچونی نێوان یەکتر دەردەکەوێ، واتە هاوخەمی و بەدەمەوەچونی یەکتر مانای قەدرزانینی یەکتر و نرخاندنی ئەرێنیانەی یەکترە "سۆڵیداریتی کۆمەڵایەتی بەهانەیەک دەداتە دەستی تاکەکانی کۆمەڵگە تا هاوکار و پشتیوانی یەکتر بن" (Jutten, 2019; 89).

"هەڵبەت بەدەستهێنانی قەدری کۆمەڵایەتی و ئەخلاقی تاکەکەس پەیوەستە بەو کار و دەستکەوتانەی کە پێشکەشیان دەکا و لە ڕوانگەی ئەوانی دیکەوە کار و دەستکەوتی بەهادارن، یا پەیوەستە بەو ڕۆڵەی کە تاکەکان لە کۆمەڵگەدا دەیگێڕن" (بومنیر، ٢٠١٠: ١١٠). "لە ڕوانگەی هۆنێتەوە، نرخاندنی کۆمەڵایەتی پەیوەستە بە هەوڵەکانی هەر کەسێکەوە بۆ گەیشتن بەو ئامانجانەی کە لە نێو کۆمەڵگەدا بەرز دەنرخێندرێن- واتە پاداشتێکە کۆمەڵگە بەو کەسانەی دەبەخشێ کە خزمەت بەو ئامانجانە دەکەن" (Kauppinen, 2011: 272). ئەوەش پەیوەستە بە هەبونی چەند ئامانجێکی هاوبەشی کۆمەڵایەتی، بەوەی هەمو ئەندامانی کۆمەڵگە هاوڕابن لەسەر



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(1).Paper13

ئەوەی چ شتێک بایەخدارە و چ شتێک بێ بایەخ، لەو سۆنگەیەوە تاکەکان تێدەکۆشن ببنە مایەی نرخاندن و بەدەمەوەهاتن، "دانان بە قەدر و بەهای هەر کەسێک لە کۆمەڵگەی مۆدێرندا، پێویستی بە هاوڕای و ڕێکەوتن هەیە سەبارەت بە ئامانجە هاوبەشە کۆمەڵایەتییەکان" (Jutten, 2019; 87). هۆنێت دەڵێ: "فۆرمەکانی دانپێدانانی دولایەنە پێویستی بە ڕێکخستنێکی کۆمەڵایەتی هەیە کە ئامانجی هاوبەشی ئەندامەکانی لە ناو گروپە بەهایەکدا کۆ بکاتەوە" (Honneth, 1995; 122), تا لەسەر بناغەی ئەو ئامانجە هاوبەشانە بەها بۆ کار و دەستکەوت و توانای یەکتر دابنێن. "چونکە ئەگەر هەمو ئەندامانی کۆمەڵگە باوەڕیان بەو بەهایانە هەبێ، ئەوە کۆمەڵگە پڕ دەبێ لە سۆڵیدارێتی" (Galuschek, 2014; 32)

لەمەوە بۆمان دەردەکەوێ کە لە کۆمەڵگەی هاوچەرخدا نرخ و قەدری کۆمەڵایەتییانەی تاکەکەس شتێکە پێشتر دیاری نەکراوە، بەڵکو ئامانجێکە تاکەکان دەتوانن لە ڕێگەی هەوڵ و ماندوبونەوە بەدەستی بهێنن، "هۆنێت پێی وایە لە کۆمەڵگە سەرمایەدارییەکاندا بەشداریکردن لە جیهانی کاردا، مەرجێکی پێویستە بۆ بەستهێنانی نرخاندنی کۆمەڵایەتیی" (Busch, 2010; 264)، بەدەستهێنانی ئەو پێگەیەش کاریگەریەکی گەورەی بەسەر پەیوەندی تاکەکەس بەخۆی و بەوانی دیکەوە دەبێ، وەک چۆن بێ بەشبون لە نرخ و بەهای کۆمەڵایەتی لە ڕوی دەرونی و کۆمەڵایەتییەوە زەبری گەورە بە تاکەکەس دەگەیەنێ.

پێچەوانەی دانان بە توانا و تایبەتمەندیەتی ئەوانی دیکە و قەدرزانینیان، بریتییە لە سوکایەتی و ناوزڕاندن و هەڵسەنگاندنی خراپ، "فۆرمی سێیەمی سوکایەتی پەیوەستە بە نرخاندنی نەرێنیانەی بەهای کۆمەڵایەتی هەندێ کەس یا هەندێ گروپ" (Honneth, 1995; 134)، "واتە بێ نرخکردنی بەهای کۆمەڵایەتی هەندێ فۆرمی خۆبەدیهێنان، بە شێوەیەک تاک ناتوانێ بە شێوەیەکی ئەرێنی پشت بە توانا بەدەستهاتوەکانی خۆی یا ئەوەی پەیوەستە بە نرخاندنی کۆمەڵایەتییەوە ببەستێ" (هونێث، ٢٠١٠: ١٥٢).

هۆنێت لە ڕێگەی پۆلێنبەندییەکەیەوە دەیەوێ بڵێ، "ئەو سێ فۆرمەی دانپێدانان بناغەیەکی تەندروست بۆ جۆری پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان دادەمەزرێنێ"(Petherbridge, 2013; 169)، واتە بۆ ئەوەی کۆمەڵگەیەکی تەندروستمان هەبێ، کۆمەڵگەیەک هەم تاکەکانی و هەم گروپەکانی ڕوبەڕوی هەڵاواردن و ستەمی کۆمەڵایەتی نەبنەوە، پێویستە ئەم سێ ئاست و بوارەی دانپێدانان ڕۆڵی خۆیان لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا بگێڕن و تاکەکان لە هەر سێ بوارەکەدا دانیانپێدابنرێ. "هۆنێت پێی وایە دانپێدانانی دولایەنە دەستەبەرێکە بۆ سنورداركردنی ئەو ململانێ کۆمەڵایەتیانەی کە لەسەر هەژمون و ستەمی کۆمەڵایەتی وەستاون، پاشان تاکەکان لە ڕێگەی سێ کایەی دانپێدانانی "خۆشەویستی و ماف و سۆڵیدارێتییەوە" دەتوانن خود و شوناسی خۆیان بەدی بهێنن" (بومنیر، ٢٠١٠: ١٠٨).



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(1).Paper13

لێرەدا لە ڕێگەی خشتەیەکەوە، ئەو سێ ئاست و بوارەی دانپێدانان ڕونتر دەخەینەڕو:

**خشتەی (١)**

| جۆرەکانی دانپێدانان | کایەکانی دانپێدانان | جۆری پەیوەندییەکان | پەیوەندی پراکتیکی بە خودەوە | جۆرەکانی دانپێدانەنان و بێڕێزی | ئاکامەکانی دانپێدانەنان |
|---|---|---|---|---|---|
| خۆشەویستی | خێزان- پەیوەندییە گەرموگوڕەکان | پەیوەندییە گەرموگوڕەکان | متمانەبەخۆبون | ئازاردان و دەستدرێژی | متمانەبەخۆنەبون |
| ماف | دەوڵەت-یاسا | پەیوەندییە یاسایی و سیاسییەکان | ڕێزلەخۆگرتن | نکۆڵیکردن لە ماف و وەردەرنانی یاسایی | ڕێزی خۆنەزانین |
| هاوبەندی/ سۆلیداریتی | کۆمەڵگەی مەدەنی | پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان | قەدری خۆزانین | بێزرخکردن و هاوکاری نەکردن | قەدری خۆنەزانین |



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(1).Paper13

## ئەنجامەکان:

١. ڕاستە تیۆری پەیوەندیگەر ڕۆڵی هەبو لە تێپەڕاندنی فەلسەفەی هۆشیاری و دارشتنی بناغەیەکی نێوان-خودییانەی پەیوەندییە کۆمەڵایتییەکان، بەڵام ئەو ستەمەی تاک لە ژیانی کۆمەڵایەتییدا ڕووبەڕویان دەبێتەوە، لە چوارچێوەی گفتوگۆ و پەیوەندی زمانی فراوانترە و ناکرێ لەو ڕێگەیەوە پەی بە مەترسییەکانی ستەم ببرێ.

٢. بێ بەشبونی تاکەکەس لە مافی **خۆ-بەدیهێنانی** تاک (**self-realization**)، ستەمێکی قوڵی کۆمەڵایەتییە، کە دەشێ دانپێدانان ڕۆڵی گەورەی هەبێ لە ڕەخساندنی زەمینەیەکی گونجاوتر بۆ خۆ-بەدیهێنان.

٣. خۆ-بەدیهێنان واتە تاک بتوانێ پەیوەندییەکی تەندروست لەگەڵ خودی و جیهانی دەورووبەریشدا دابمەزرێنێ، ئەوەش تەنها دانپێدانان دەتوانێ لە پرۆسەی بەکۆمەڵایەتیبوندا بۆ تاکەکەسی برەخسێنێ.

٤. سێ کایەی گرنگی (وەک خێزان و دەوڵەت و کۆمەڵگە) سێ وێستگەی گرنگی پێگەیشتن و دروستبونی کەسایەتی و شوناسی مرۆڤن، بۆیە هەم ئەزمونی دانپێدانان و هەم ئەزمونی دانپێدانەنانیش کاریگەری خۆیان بەسەر شوناس و کەسایەتی مرۆڤەوە جێدەهێڵن.

٥. وەک چۆن دەمارگیری نەژادی و ڕاسیزم و جێندەری و ئایینی ڕۆڵییان هەبوە لە شێواندنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی ژیانی ڕۆژانە، بە پێچەوانەوە دانپێدانان پاساوی ئەو ڕەوتە و ڕێبازە دەمارگیرانە پوچەڵ دەکاتەوە.

٦. ستەمی کۆمەڵایەتی فۆرمی جۆراوجۆری هەیە، دانپێدانەنان بەشێکی زۆری ئەو فۆرمانە جۆراوجۆرانەی ستەمی کۆمەڵایەتیمان بۆ دەردەخەن، کە لە ڕوانگەی تیۆریەکەی هۆنێتەوە، متمانەبەخۆنەبون و قەدری-خۆنەزانین و ڕێزی خۆنەزانین قوڵترین فۆرمەکانی ستەمی کۆمەڵایەتین و شوناس و کەسایەتی تاک دەشێوێنن و ئەوەش دواتر ژیانی کۆمەڵایەتی دەکەنە ژینگەیەکی نالەبار بۆ تاک.



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(1).Paper13

# Form Habermas's Communicative Paradigm to Honneth's Recognition Paradigm- Analytical Research

**Aram Amin Shwani[1] - Tahir Hasoo Zebari[2]**
[1+2] Department of Sociology, College of Arts, Salahaddin University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq.

**Abstract**:
From Huberman's Communicative Paradigm to Honneth's Recognition Paradigm
Habermas, through the communicative action paradigm, which is relying on a linguistic structure and intersubjective principle, trying to provide a solution for oppression and suffering in the social life. He thinks dialogue ethic and linguistic communications are suitable mechanisms for solving the social oppression and injustice.
The **main question** of this research is; Is recognition an appropriate theory for the treatment of social oppression and can it open our eyes to social oppression more clearly?, Axel Honneth, as a third generation of Frankfurt school, criticizes Habermas's paradigm and constitute a recognition paradigm. He thinks, if individual experience recognition, through socialization process and in three spheres and three forms of (love, right and solidarity), so he makes a good self-relation and world-relations. But if in three spheres experience three forms of (hate, denial of rights and neglecting), then he experiences a deep oppression and collapse his relation with himself and world, and this collapse it is a social oppression. Therefore, the **purpose** of this research is to introduce confession as an appropriate theory for the treatment of social oppression and an appropriate social life and present the scope and forms of confession. Finally, the study reached several **conclusions**, the most important of which are: The deprivation of the individual of the right to self-realization is a profound social oppression, which can be recognized in three important spheres (such as family, state and society). Provide a more favorable environment for self-realization. Therefore, both the experience of recognition and the experience of non-recognition have an impact on one's identity and personality.

**Key words:** Communicative Action, Recognition, Identity, Social Oppression.


**Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(1).Paper13**

## پەراوێزەکان:

(*) چەمکێکی کۆمەڵناسانەیە و ماکس ڤێبەر دایهێناوە بە مەبەستی ئاماژەدان بە عەقڵانیبونی زیادلە پێویستی ژیانی کۆمەڵایەتی و بەتایبەت لە کۆمەڵگە سەرمایەداریەکاندا.

(**) (پارادایم-Paradigm) ئەم زاراوەیە بۆ یەکەمجار تۆماس کۆهین ساڵی ١٩٦٢ لە کتێبی بونیادی شۆڕشە زانستییەکان بەکاریهێناوە. پارادایم واتە نمونە و شێوەی باوی بیرکردنەوە.

(***) ترانسێندێنتاڵ (Transcendental) لە وشەیەکی لاتینیەوە وەرگیراوە و بە مانای ژورکەوتن یا بەرزوەستان هاتوە. هەر شتێک لە سەروی جیهانی هەست و زانینەوە بێ بە ترانسێندێنتاڵ دادەنرێ.

## سەرچاوەکان:


قانع، مەریوان وریا (٢٠١٦)، مرۆڤ و کەرامەت. ناوەندی ڕۆشنبیری و هونەریی ئەندێشە. سلێمانی.

هیگڵ، ویلهێلم فریدریک (٢٠١٦)، فینۆمینۆلۆجیی هۆش. وەرگێڕانی: محەممەد کەمال. دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم. سلێمانی.

بغورہ الزواوي (2012)، الاعتراف من أجل مفهوم جديد للعدل، دراسة في الفلسفة الاجتماعية. دار الطليعة للطباعة و النشر. بيروت.

بومنير، كمال (٢٠١٠)، النظرية النقدية لمدرسة فرانكفورت من ماكس هوركهايمر إلى أكسل هونيث, دار العربية للعلوم ناشرون، منشورات الاختلاف، دار الامان، الجزائر.

علوش، نورالدين (٢٠١٤)، الاعتراف و العدالة ل أكسل هونيث. في كتاب فلسفة الالمانية و الفتوحات الندقية: قراءات في استراتجيات النقد و التجاوز. مجموعة من المؤلفين. اشراف و تحرير: سمير بلكفيف. جداول للنشر و الترجمة و التوزيع. بيروت.

هبرماس، يورغن (٢٠٢٠) نظرية الفعل التواصلي: في نقد العقل الوظيفي، المجلد الاول و الثاني، ترجمة: فتحي مسكيني. المركز العربي للابحاث و دراسة السياسات. بيروت.

هونيث، أكسل (٢٠١٠) ثلاثة أشكال معيارية للأعتراف. (ترجمة: كمال بومنير). في كتاب (النظرية النقدية لمدرسة فرانكفورت: من ماكس هوركهايمر الي أكسل هونيث/ د. كمال بومنير (٢٠١٠). الدار العربية للعلوم ناشرون. بيروت).

أحمد، مونيس (٢٠١٨)، التأصيل الفلسفي لنظرية الاعتراف في الخطاب الغربي المعاصر، أكسل هونيث نموذجا. رسالة دكتوراه غير منشوره. جامعة وهران (٢). الجزائر.

بختة، يحياوي (٢٠٢١، البعد البرغماتي للتواصل اللغوي لدى يورغن هابرماس. مجله مقاربات الفلسفية. المجلد (٤). العدد (١). الجزائر.

سليم، أقزوح واخرون (٢٠١٥)، علاقة التماسك الاجتماعي بالهوية الرياضية لدى لاعبى كرة القدم/ دراسة وصفية أجريت علي نوادي كرة قدم بمدينة عين الصفراء الجزائر. مجلة التحدي. المجلد (٧)، العدد (٢). الجزائر.

فرفودة, فاطمة (٢٠٢١)، أكسل هونيث: براديغم الاعتراف نحو تأسيس عدالة اجتماعية أخلاقية. مجلة مقاربات فلسفية. المجلد ٨/ العدد (١).

مقورة، جلول (٢٠١٣)، هابرماس: الفعل التواصلي و جدلية الذاتي و التذواتي. مجلة التربية و الابستيمولوجيا. العدد (٤).

بيگى، محسن (٢٠١٩)، پيامدهاى نظريەى شناسايى اكسل هونت براى راديكاليسم معاصر. فصلنامه علمى و رهيافت سياسى و بين الملل. دوره ١٠. شماره ٤. تابستان ٩٨.




Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(1).Paper13

سبحانی جو، حیاتعلی (۲۰۰٤/ ۱۳۸۳) هویت و بحران هویت. مجله پیوند: سازمان مرکزی انجمن و مربیان. شماره (۳۰۱). تهران.

عباسپور، ابراهیم (۲۰۱۱/ ۱۳۹۰) بررسی روش شناسی نظریه (کنش ارتباطی) هابرماس با رویکرد انتقادی. معرفت فرهنگی اجتماعی. سال دوم. شماره دوم. تهران.

مهدوی، محمدصادق و مبارکی، محمد (۱۳۸۵/۲۰۰٦) تحلیل نظریه کنش ارتباطی هابرماس. فصلنامه علمی و پژوهشی علوم اجتماعی. سال دوم، شماره هشتم. تهران.

مهدیزاده، سید محمد (۱۹۹٦/ ۱۳۷۵) عقل ارتباطی در اندیشەی هابرماس.رسانه. فصلنامه مطالعاتی و تحقیقاتی وسایل ارتباط جمعی. سال هفتم. شماره اول. تهران.

Busch, Hans-Christoph Schmidt am (2010) Can the goals of the Frankfurt school be achieved by a theory of recognition?. In (the philosophy of recognition historical and contemporary perspectives. Edit by; Hans-christoph, Schmidt an Busch and Christopher F. Zurn. Lexington books. Plymouth. UK.

Deranty, Jean-Philippe (2009) beyond communication; a critical study of axel honneht's social philosophy. Social and critical theory serial. Vol; 7. BRILL press. Boston. USA.

Edgar, Andrew (2006). Habermas; the key concepts. Routledge taylor& francis group. London and newyork.

Honneth, Axel (1995) the struggle for recognition; the moral grammer of social conflicts. (trans; Joel Anderson). The MIT press. Cambridge, Massachusetts.

Honneth, Axel (2007) Disrespect; the normative foundation of critical theory. Polity press. Cambridge. UK.

Honneth, axel (2009), the philosophy of history, anthropology, and Marxism. In (the Habermas handbook). edit by; hauke brunkhorst & ragina kreide and Christina lafont. Colombia university press. New York.

Honneth, Axel (2011) Rejoinder. In (axel Honneth; critical essays, with a reply by axel Honneth. Edit by; Daniella Petherbridge). BRILL press. Boston. USA.

Ikaheimo, Heikki (2010) making the of what we are; recognition as an ontological and ethical concept. In (the philosophy of recognition historical and contemporary perspectives. Edit by; Hans-christoph, Schmidt an Busch and Christopher F. Zurn. Lexington books. Plymouth. UK.

Jenkins, Richard (2006). Identity. In (Encyclopedia of social theory. Edit by; Austin Larington, Barbara I. Marchal and Hans-peter Muller. Routledge. London.

Johnson, A. G (2000) The Blackwell dictionary of sociology; a user's guide to sociological language (2nd ed) MA. Blackwell Publisher. Oxford.

Jutten, Timo (2019) (the theory of recognition in the Frankfurt school). In (the routledge companion to the Frankfurt school) edit by; peter e gordan & espen hammer and axel honneth. Routledge taylor & francis group. New York and London.

Lafont, Cristina (2009) communicative action. In (the Habermas handbook, edit by; Hauke Brunkhorst, Regina Kreide and Cristina Lafont). Columbia University press. New york.

13. McBride, Cillian (2013) recognition. Polity press. Cambridge. UK.

Meehan, Johanna (2011) recognition and dynamics of intersubjectivity. In (axel Honneth; critical essays, with a reply by axel Honneth. Edit by; Daniella Petherbridge). BRILL press. Boston. USA.

Petherbridge, Danielle (2011). Axel honneth`s project of critical theory. (axel honneth; cririical esaays, with reply by axel honneth-vol- 12). Edit by; Danielle petherbridge. Brill press. Leiden, boston.

Petherbridge. Danielle (2013). The critical theory of axel honneth. Lexington books. Lunham, Maryland. USA.



**Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(1).Paper13**

Wildt, Andreas (2010), Recognition in psychoanalaysis. In (the philosophy of recognition historical and contemporary perspectives. Edit by; Hans-christoph, Schmidt an Busch and Christopher F. Zurn. Lexington books. Plymouth. UK.

Zurn. Christopher f. (2015) Axel Honneth; a critical theory of the social. Polity press. Milden. USA.

Chetrit, Sophie (2016) women`s struggle for recognition. An publishing thesis submitted for the degree of M.A. Department of philosophy. University of Erasmus.

Galuschek, anita Caroline (2014), me, myself and the other; Melanesian and western ideas on selfhood and recognition. Unpublisher dissertation. Im fach Ethnologie and der fakultat fur verhaltens- und empirische kulturwissenschaften. Universtat Heidelberg.

Giles, Douglas (2017) rethinking misrecognition and struggle for recognition; critical theory beyond Honneth. An publishing thesis submitted for the degree of PhD. Department of philosophy. University of Essex.

Albert, Sonia Paris (2010) mutual recognition as a means of peaceful conflict transformation. Journal of CONFLICTOLOGY, vol; 1, isuue; 2. Catalunya.

Benjamin, Jessica (1990) An outline of intersubjectivity; the development of recognition. Psychoanalytic psychology. Vol; 7. New York.

Blau, Adrian (2019) Habermas on rationality means, edns and communicative. Europian journal of political theory. Vol; 0. Issue; 0. UK.

Honneth, Axel & Osborne, Peter & Finke, stale (1993), critical theory in Germany today; an interview with axel Honneth. Radical philosophy 65. Autumn.

Mead, George Herbert (1925) the genesis of the self and social control. International journal of ethics. University of Chicago press. Vol; 35. No; 3. Chicago.

Niemi, Jeri I (2005) Jurgen Habermas's theory of communicative rationality; the foundational distinction between communicative and strategic action. Social theory and practice. Vol; 31. No;4. Published by; Florida state university department of philosophy.

Postone, Moishe (1990) History and critical social theory. Contemporary sociology. Vol;19, no; 2. USA.

Wojciechowski, Batosz Radomsko (2014) the fight for recognition in the sphere of modern law; Hegel and Honneth. Journal hegel-jahrbuch. Vol;1. Issue;1. UK.

Wagner, Gerhard and Zipprian, Heinz (1991) intersubjectivity and critical consciousness; remarks in Huberman's theory of communicative action. Inquiry; an interdisciplinary journal of philosophy. Vol; 34. No; 1. UK.

Varga, Somogy and Gallagher, Shaun (2011) critical philosophy, Honneth and the role of primary intersubjective. European journal of social theory. Vol; 15. Issue; 2. Uk.



**Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(1).Paper13**